دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٥٩

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣١ی بانەمەری ١٣٩٠ ـ ٢١ ی مەی ٢٠١١ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

تیکنۆلۆژی پێوەندییەکان



هۆکاری ناسەرکەوتووی ئێران لە ماراتۆنی پێوەندییەکان دا
٤

سیاسی





بزووتنەوەی خوێندکاری دژایەتی کردنی خوێندکاران
٥

سیاسی



بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دیموکراسی
٨

ژنان



بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و ژنی کورد
٩

# یەکیەتیی ئورووپا فشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاتر دەکا



ئاژانسەکانی هەواڵ لە زمانی چەند دیپلۆماتێکی ئورووپایی بڵاویان کردۆتەوە کە یەکیەتیی ئورووپا بڕیارە لە ڕۆژی دووشەممەی داهاتوودا نزیک بە ١٠٠ کۆمپانی و بانکی ئێرانی بخاتە نێو ریزی ئەو کۆمپانیا و بانکانەی کە گەمارۆیان دەخرێتە سەر.

بە وتەی ئەو سەرچاوانە، ئەم بڕیارە لە دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو وەزیرانی دەرەوەی ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا رادەگەیەنرێ. دەوترێ کە ئەم ریزە گەمارۆیەش لە پێناو بە چۆک داهێنانی ئێرانە تا دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی هەڵگرێ.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە یەکیەتیی ئورووپا لە مانگی ئاوریل دا، ٣٢ بەرپرسی ئێرانی بە تاوانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ خستە نێو لیستی گەمارۆکانیەوە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەمریکا تەنیا گەمارۆی خستۆتە سەر ١٠ کاربەدەستی کۆماری ئیسلامی.

لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن گەمارۆکان کار ناکاتە سەر سیاسەتەکانیان، ڕۆژبەڕۆژ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی فشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاتر دەکا. هەر لە درێژەی ئەم فشارانەدا سێشەممەی حەوتووی رابردوو ئەمریکا، گەمارۆی خستە سەر بانکی «صنعت و معدن»ی ئێران.

## وەڵامێک بۆ نامەی سەرئاوەڵای هاوڕێیانی پێشوومان

بەڕێزان!

نامەیەکی سەرئاوەڵای دەفتەری سیاسیی ئێوە بە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٧ بڵاو بۆتەوە. لەو نامەیەدا داواتان کردوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ناوێکی تازە بۆخۆی دیاری بکا. لە وەڵامی ئەم نامەیەدا بەپێویستی دەزانین سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵە رابکێشین:

١ ـ ئەم نامەیەی ئێوە دوای نزیکەی ٤ ساڵ لێکدابڕان بەداخەوە هەڵوێستێکی نوێی تێدا نییە کە لانی کەم کۆمەگ بە بوونی پێوەندیی دۆستانەی نێوانمان بکا کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە پێمان لەسەر داگرتوە و بە پێویستمان زانیوە. زیانەکانی ئەو لێکدابڕانەش، کە زۆر یەکلایەنە، ئاماژەتان پێکردوە، هەر شتێکی تازە نییە. بە شاهیدی دۆستان و خودی خۆتان، زۆر پێش لەتبوونی حیزب، ئێوەمان لە ئاکامە زیانبارەکانی ئەو کردەوە و هەڵسوکەوتانەتان ئاگادار کردبۆوە کە بە کردەوە حیزبی دیموکراتیان کردبوو بە دوو لەت و بە داخەوەش هەتا سەر لە سەر هەمان هەڵوێست و رەفتار رۆیشتن.

٢ ـ هەر حیزب و رێکخراوێک بۆخۆی ناوی خۆی دیاری دەکا، ئەوە مافێکی سروشتی و سەرەتاییە. ئێمە بۆ خۆمانی بەڕەوا نازانین داوا لە ئێوە بکەین کە ناوێکی دیکە بۆخۆتان دیاری بکەن، هەربەو جۆرەش بۆ ئێوەی بەڕەوا نازانین کە داوا لە ئێمە بکەن ناوێکی نوێ بۆحیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرین. ئەوە مافی دێموکراتیکی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بۆخۆیان ناو بۆ حیزبەکەیان هەڵبژێرن.

٣ ـ هەر بەدوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات و لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئەندامانی کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ ناوی « حیزبی دیموکراتی کوردستان « یان بۆ حیزبەکەی خۆیان پەسند کردوە. هەر وەها ئێوەش لە کۆنگرەی خۆتان دا ناوی « حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»تان بۆ حیزبی خۆتان پەسند کردوە. هەروەک چۆن ئێمە ڕێز لە بڕیاری ئەندامانی کۆنگرەی ئێوە دەگرین، ئێوەش پێویستە ڕێز لە لە بڕیاری کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگرن.

٤ـ ناوی حیزبی ئێمە و ناوی حیزبی ئێوە لێک جیاوازن و بۆ هەموو لایەکیش ناسراون و جێکەوتوون. دوای کۆنگرەی چواردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، واتە سێ ساڵ لەمەوبەر، ئێمە لە پێوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، لایەنە کوردییەکان، لایەنە ئێرانییەکان، لایەنە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەش¬دا کە هەردوولامانی تێدا بەشدار بووین، هیچ گیروگرفتێکمان بۆ نەهاتۆتە پێش و هەم حیزبی ئێمە و هەم حیزبی ئێوە بە ناوی خۆمانەوە ناسراوین.

٥ ـ لە کۆتایی دا، هەردوولامان، وەک دوو حیزب بە دوو ناوی جیاوازەوە، بووینە ئەمری واقیع. ڕێگاچارە هەر ئەوەیە هەردوولامان یەکتر بەو جۆرەی هەین قبوول بکەین و بە قازانجی نەتەوەکەمان بێ قەید و شەرت لەگەڵ یەکتر دەست بە وتووێژ بکەین و پرۆسەیەکی گونجاو بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانمان دەست پێ بکەین. با بوێرانە لەسەر چارەنووسی هەردوو حیزبی دیموکرات کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، پێکەوە دانیشین و بە وتووێژ، گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکەین.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠١١/٥/٢٠**

### ئەحمەدی‌نژاد:

## وڵاتانی ئورووپایی پێش بە باران بارین لە ئێران دا دەگرن



مەحموود ئەحمەدی‌نژاد لە تازەترین هێرشی خۆیدا بۆ سەر ڕۆژئاوا وتی کە وڵاتانی ئورووپایی بۆ زەربە لێدان لە کۆماری ئیسلامی پێش بە بارینی باران لە ئێران دا دەگرن.

ناوبراو ڕۆژی پێنجشەممە لە ئەراک رایگەیاند کە ئەو زانیاری هەیە وڵاتانی ئورووپایی بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و درووست کردنی شەڕ لە سەر ئاوە سنوورییەکان، ئەو هەورانەی کە روو لە ئێران دەکەن، نەزۆک دەکەن. ئەحمەدی‌نژاد وتی بۆ ئەم قسەیە بەڵگەی هەیە و لە وتاری سیاسەتمەدارێکی ڕۆژئاوایی دا ئاماژەی پێکراوە و بارودۆخی کەش و هەواش ئەو راستییە دەسەلمێنێ.

شایانی باسە چەند ڕۆژ دوای کوژرانی بن‌لادەنیش، ئەحمەدی‌نژاد وتی کە ئەو زانیاریی وردی هەیە کە ئەمریکاییەکان چەند ساڵ پێشتر بن‌لادنیان دەستگیر کردوە و پاشان نەخۆشیان خستوە. هەڵبەت ناوبراو ساڵی رابردووش هەر لەم پێوەندییەدا وتی کە ئەو زانیاری وردی لە بەر دەست دایە کە بن‌لادن ٤ ساڵە کوژراوە.

## سەرۆکی نوێی ئەلقاعیدە ٩ ساڵ لە ئێران بووە



بە پێی راپۆرتێکی رادیۆ فەردا ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سەیفولعەدل، ئەندامی بە ڕەگەز میسریی ئەو ڕێکخراوەیەی بە شێوەی کاتی بە سەرۆکایەتیی ئەلقاعیدە هەڵ بژاردوە.

سەیفولعەدل کە بە محەممەد ئیبراهیم مەککاویش بەناوبانگە، پێشتر یەکێک لە ئەفسەرەکانی هێزی تایبەتیی میسر بووە کە ساڵی ١٩٨٠ لە ئەفغانستان شەڕی دەکرد.

بە پێی زانیارییەکانی سەرچاوەکانی هەواڵ سەیفولعەدل ساڵی ١٣٨٠ ی هەتاوی و دوای پەلاماری ئامریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر تالیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان هەڵات و چووە ئێران.

زانیارییەکانی ئامریکا باسی ئەوە دەکەن کە ناوبراو لە ماوەی ٩ ساڵی رابردوودا لە ئێران ژیاوە و ساڵی رابردوو گەڕاوەتەوە پاکستان و پێوەست بە تیمی بەڕێوەبەریی ئەلقاعیدە بۆتەوە

## سەرۆک وەزیرانی بریتانیا راپەڕینی خەڵکی ئێران بە دوور نازانێ



دەیوید کامێرۆن سەرۆک وەزیرانی بریتانیا وێڕای خۆشحاڵی لە بەهاری عەرەبەکان لە رەوتی نارەزایەتیە دیموکراتیکەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەڵێ دوور نیە وەها شۆڕشێک لە ئێرانیش روو بدا.

کامێرۆن کە لە مەجلیسی بریتانیادا قسەی دەکرد کوتی، من پێم وایە کە ڕژیمی ئێران زیاتر ڕژیمێکی شەیتانی و سەرەڕۆیە، هەتا ئەوەی ڕژیمێک بێ کە لە لایەن سیاسەتمەدار و کارناسانانەوە بەڕێوە بچێ. ڕژیمی ئێران لە زۆر بواردا ڕژیمێکی ئیفلیجە . ئەوان تەنانەت ناتوانن کە بە رادەی پێویستیی خۆیان نەوت بپاڵێون. ئەوان بە شێوەیەکی وەحشیانە لە سزای مەرگ کەڵک وەردەگرن، ئێمە نابێ ئەو ڕژیمە زۆر زلە کەینەوە، چونکە ڕژیمێکی دواکەوتوە.

ناوبراو هەروەها کوتی ئەگەر خەڵکی ئێران میسر و توونسێکی دیموکراتیک ببینن بێ گومان بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆیان لە شەڕی ڕژیمە ترسناکەکەیان ئازاد بکەن، ئەگەر وابوو کەسانێک کە پێشتر لەو بوارەدا تێکۆشاون بیر لەوە دەکەنەوە کە ئێمەش پێویستمان بە دیکتاتۆرێکی وا نیە

## نیگەرانی ئەمریکا لە ئەگەری ئێعدامی چالاکێکی کورد





وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە دەرکردنی راگەیاندراوێک نیگەرانی ئەمریکای لە ئەگەری ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی چالاکی خوێندکاریی کورد دەربڕی.

وەزارەتی دەروەی ئەمریکا لە راگەیەنراوەکەیدا بە گومانەوە دەڕوانێتە سەر ئەو تۆمەتانەی کە دراونەتە پاڵ حەبیبووڵڵا لەتیفی و نیگەرانی لەم هەڵسووکەوتەی دەوڵتی ئێران دەربڕیوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروەها رەخنەی لە ئێعدام کرانی دوو کەس لە حەوتووی رابردوو لە ئێران دا گرت.

لەم راگەیاندراوەدا کە لە لایەن مارک تۆنر وتەبێژی کاتیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە ئیمزا کراوە، هاتوە کە لەم حەوتوویەدا دوو کەسی ئێرانی بە ناوەکانی عەبدوڵڵا و محەمەد فەتحی ئیعدام کران. لە حاڵێکدا روون نیە کە ئایا ئەو کەسانە لە زیندان مافەکانیان پارێزراو بووە یا نە.

دەوڵەتی ئەمریکا هەر لەم راگەیاندراوەدا خوازیاری ئازادیی هەموو زیندانیانی سیاسی بووە و هاوکاتیش داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکا کە ڕێگا بە هەواڵنێرانی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بدا کە سەردانی ئێران بکەن.

# سەردانی شاندێکی ڕێکخراوی « ژنێڤا کاڵ»

# لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



دوانیـوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٥/١٢ هەیئەتێکی ڕێکخراوی « ژنێڤا کاڵ» ی سوئیس بە سەرۆکایەتیی خاتوو ئیلیزابێت دێکرێ وارنێر سەردانی سکرتارییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دوولایـەنـەدا بابەتەکانی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و رۆژهـەڵاتـی کوردستان، کێشەکانی ژنان، لاوان و منداڵانی کورد و ئێران لە ژێر دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا خرانە بەر باس و لە بابەت هەموو ئەو پرسانەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لەو دیدارەدا بە تایبەت لە سەر گرینگیی پاراستنی مافەکانی منداڵان و ژنان و لاوان لە هەموو کاتەکاندا پێ داگیرایەوە و لەو بـارەیـەوە هەیئەتی خانەخوێ لە بارەی بارودۆخی منداڵان، ژنان و لاوان لە ئێران و کوردستان زانیارییان بە هەیئەتی میوان دا و لەو بارەیەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا خاتوو ئیلیزبات دێکرێ وارنێر لە لایەن ریکخراوی ژنێڤاکاڵەوە سپاسی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سـەبـارەت بە ئیمزا کردنی پەیمانی بەکارنەهێنانی مینی دژە نەفەر کرد کە ساڵی رابـردوو لە نیوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەو رێکخراوەیەدا ئیمزا کراو لەو دیدارەدا بەڵگەی ئەو ڕێککەوتنە لە لایەن خاتوو ئیلیزابێتەوە رادەستی کاک خالید عەزیزی کرا.

شایانی باسە کە لەو دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە هاوڕێیان خەدیجە مەعزوور، عەلی بداغی و عوسمان بێورانی بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی میوانداریی هەیئەتێ میوانیان کرد کە لە بەڕێزان خاتوو ئیلیزبات دێکرێ وارنێر، خاتوو فرانس ماژوا، خاتوو ناتاشا و کاک مەندۆ پێک هاتبوون.

— — — — — — —

# کۆبوونەوەی کومیتەکانی حدک و ی ن ک لە وڵاتی دانمارک

رۆژی چوارشەممە، ١١ ی بانەمەڕ هەیئەتێکی کومیتـەی نـاوچـەی یولـەندی وڵاتـی دانمـارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ باس لە سەر کاروتیکۆشانی ڕەوەندی کوردی و هاریکاری زیاتر لە نێوان لایەنەکانی جێگیر لەو مەلبەندە، چاویان بە هەیئەتیکی کەرتی ناوچەی یولەندی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کەوت.

لـەو دیـدارە دۆستـانـەیـە دا وێـرای بـاس لە ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان بە گشتی و ئەرکی ڕەوەنـدی کورد لە هەمبەر پێشهاتەکان دا، باس لە هـاوکاری و هاریکاریی هەرچی نزیکتری ئەو دوو ڕێکخراوە لە داهاتوو دا بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی کار و چالاکییەکان و پیرۆز راگرتنی ڕۆژە نەتەوەییەکان کرا.

هەر لەو دانیشتنە دا هەردووک لا لە سەر چەندین خاڵی هاوبەش کۆک بوون و وێڕای سپاس و پێزانین بۆ هاریکارییەکانی ڕابردووی نێوانیان، خوازیاری پەرەپێدان و بە گشتی کردنی کاروچالاکییەکان و بانگهێشت کردنی چینی لاوانی کورد بۆ نێو کارە



کولتورییەکان بوون.

شایانی باسە کە لە لایـەن حیزبی دیموکراتی کوردستـانـەوە هـاوڕێیـان نـەبـەز مستەفا پـوور و یوسف پـەری و لـە لایـەن یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیشەوە بەڕیزان بـارزان بابان و سەفەر محەممەد لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون.

— — — — — — —

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە سوئێد لە

# کۆنفڕانسی سالانەی فدراسیۆنی کومەڵە کوردستانییەکاندا



لە سەر بانگهێشتی فەرمی فدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوئێد ڕۆژی شەممە ٢٤ی بـانـەمـەڕ، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ حەسەن ئەهوەن و هاورێیەتی بەڕێزان کەمال گروێسی و ئەبووبەکر لاوچاک، لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەو فدراسیۆنە دا بەشدارییان کرد و چەپکە گوڵی ڕێز لێنانیان پێشکەشی دەستەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی دیکـەی «کۆمـەڵـەی کـوردی شاری لینشۆپینگ» یش لەو کۆنفڕانسە بەشدار بوون.

هەیئەتی حـدک زۆر بـە گـەرمـی لـە لایـەن سەرۆکی فدراسیۆن و بەشیکی زۆر لە ئەندامانی دەستەی بەڕیوەبەری فدراسیۆنەوە پێشوازییان لێ کرا.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ساڵانەی

# کۆمیتەی هاوکاری هێزەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

کۆمیـتەی هـاوکـاری هـێزەکـانی رۆژهـەلاتـی کوردستان لە دانمارک کۆبونەوەی ساڵانەی خۆی پێک هێنا.

رۆژی یەکشـەممە، ١٨ی بـانـەمـەڕ کۆمیتەی هـاوکـاریی هێزەکانی رۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان لە دانمارک کۆبونەوەی ساڵانەی خۆی بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوای راگیرانی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ریز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ریگای ئازادیی کوردستان، راپۆرتی کار و تێکۆشانی یەک ساڵەی کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن رەشید قازی یەوە خرایە بەرباس.

دوای خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە بەشداران پاش بەشداریکردنی چالاکانەیان و تاوتوکردنی لایەنە بەهێز ولاوازەکانی کارو تێکۆشانیان لە دانمارک، بەکۆی دەنگ لەسەر ئەم خالانەی خـوارەوە ساخ بوونەوە.

- کۆمیتەی هاوکاری هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ، بەدور لەهێژمۆنی حیزبی هەروا درێژە بەچالاکییەکانی بدات.
- کۆمیتە تێ بکۆشێ بەشداریی چالاکانە لە بەرێوەبردنی بۆنە نەتەوەیەکاندا بکا.
- کۆمیتە تێ دەکۆشی هەڵوێستی رون و شەفافی خۆی سەبارەت بە زۆربەی ئەو روداوانەی کە زیان بە بـەرژەوەنـدی نەتەوەییمان بەتایبەتی دەست تیوەردانەکانی دەرەکی دەگەیەنن دەرببڕێ و مەحکومیان بکا.
- کومیتە هـەوڵـی زیـاتـر بـۆ پـەیـوەنـدی دروسـتکـردن لـەگـەڵ ڕێکخراوەکانی دانمـارکـی و کوردستانی دیکە بدا.

لە برگەی دووهەمی کاری کۆمیتەی هاوکاری هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا، هەیئەتێکی نوێ پێکهاتوو لە بەرێزان خالید رەواندوست لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستـان، علی ئەحمەدی لە پارتی ئازادی کوردستان و شادی ئێراهیم خاس لە ناوەندی رۆژهـەلاتـی کوردوساید (چاک) بە تێکرای دەنگ هەلبژێردران و دواتر کاک خالید رەواندوست وەک وتەبێژی کۆمیتەی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەلاتی



کوردستان لە دانمارک دیاری کرا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کومیتەی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک لەم هێز و لایەنانە پێک هاتوون:

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان، کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کـوردسـتـان، پارتی ژیـانی ئـازادی کوردسـتـان، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە دانمارک، کوردۆساید ( ناوەندی رۆژهەڵاتی چـاک)، یەکێتی لاوانـی رۆژهـەڵاتـی کوردستـان و سازمانی خەباتی شۆرشگێری کوردستان.

شـایـانـی بـاسـە کـە هـەیئـەتی نوێنـەرایـەتـیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ بـەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا لە هاورێیان رەشید قازی، بەرپرسی کۆمیتەی حدک لە دانمارک، سەلاحی حاجی رەشیدی، بەرپرسـی پێوەندییەکانی کومیتە، رەحمان خۆش ئەبرو و خالید رەواندوسـت ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی دانمارک پێک هاتبوون.

— — — — — — —

# بەشداریی کۆمیتەی فەڕانسەی حدک لە سمیناری

# ساڵیادی شەهیدانی ١٩ی گۆلان

رۆژی شەممە ریکەوتی ٢٤ ی بانەمەڕ لە شاری پاریس کاتژمێر ٥ ی ئێوارە سمیناریک بۆ باس لە سەر شەهیدانی ١٩ی گۆلان لە لایەن کوردەکانی




نیشتە جێی فەڕانسەوە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای سمینارەکە دا ١ خولەک بێ دەنگی بۆ یادی شەهیدانی رێی رزگاری کوردستان راگیرا و بەدوای ئەوە دا پەیامی دەستەی ئامادەکاری لە لایەن مەهین شۆکروڵڵاپوورەوە خوێندرایەوە و لە دواییدا پەیامی بنەماڵەی فەرزاد کەمانگەر لە لایەن سەباح نەسیری پێشکێش کرا و هەر وەها لە رێگای تەلەفوونەوە لە گەڵ مەڵەکە عەلەم هۆلی، لە سەر یادەوەریی شیرین و شەهیدانی دیکەی ١٩ی گۆلان قسە کرا.

لە درێـژەی سمینارەکەدا موزەفەر ئـەدەب، بەرپرسی کۆمیتەی دژی سەرکوت لە ئیران بە زمانی فارسی بابەتێکی پێشکەش بە بەشداربوان کردو لە دوایی دا نارین محەممەدی نامەی یەکێک لە ئێعدامکراوانی ١٩ی گۆلانی بۆ بەشداربووان خوێندەوە.

لە درێژەی سمینارەکە دا دوکتۆر ئومید ساعدی(یاساناس) و دوکتۆر شوان جەعفەر کارناس لە سەر ژئۆپۆلوتیکی سیاسیی بەشی رۆژهـەڵاتـی نیوەڕاست باسیکیان پیشکەش بە بەشداران کرد و لە کۆتایی باسەکەیان دا چەند پرسیار ئاراستەیان کرا کە لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە وەڵام درانەوە.

بە دوای ئەوە دا سەباح نەسیری هاوبەندیی عەلی حەیدەریان و فـەرزاد کەمانگەر چەند بیـرەوەرییـەکی لـە سـەر ئـەو شەهیدانە بۆ بەشدار بووان گێڕایەوە و لە درێژە دا کۆرتە فیلمێک لە سەر ژیانی شیرین عەلەم هۆلی بۆ بەشداربووان پیشان درا.

لە پانێلی دووهەم دا ناسح فەریدی، وتەبێژی کۆمیتە بەرگری لە زیندانیە سیاسیەکان لە سەر کەسایەتیی شیرین عەلەم هۆلی بۆ بەشداران دوا و چەند بیرەوەرییەکی لە سەر زیندان گێڕایەوە و لە کۆتایی دا لە لایەن مەنسوور تەیفوری و ئارەش دەکلان باسێک لە سەر توندوتیژی پێشکەش بە بەشدار بوان کرا و کورتە فیلمێکی دیکەی پێوەندیدار بە شەهیدانی ١٩ی گولان پێشان درا.

شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە ئەو سمینارە دا هەبوو.

## ئێعدامکرانی ٥ کەسی دیکە لە زیندانی ورمێ



بە پێی راپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی « موکریان» سەر لە بەیانیی رۆژی ٢٠ ی بانەمەڕ پێنج کەس لە گرتووخانەی ناوەندی شاری ورمێ لە سێدارە دراون.

عارف ڕەشیدپوور، ئێسفەندیار منداحکی و تەیمور ئەیوبیان ناوی سێ کەس لەو ٥ کەسەن کە بە تاوانی بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان لە زیندانی ورمێ ئێعدام کراون.

ئەو بەندکراوانە لە نیوەڕۆی رۆژی ١٩ی بانەمەڕەوە بە مەبەستی جێبەجێکرانی حوکمەکەیان، لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە بۆ ژووری قەرەنتینەی زیندان راگواسترابوون.

شایانی باسە کە بە لەسێدارەدرانی ئەو ٥ کەسە ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ئێران لە سەرەتای ساڵی نوێی زایینییەوە تا ئێستا گەیشتە ٢٠٣ کەس.

— — — — — — —

## ناڕوونیی چارەنووسی زیندانییەکی سیاسیی کورد لە شاری سنە



چارەنووسی زیندانییەکی سیاسیی کورد لە زیندانی سنە هەروا ناڕوونە.

چارەنووسی سەیوان سەڵەواتی، زیندانییەکی سیاسیی کورد لەو کاتەوە کە لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە، هەروا ناڕوونە.

دوابەدوای گیرانی سەیوان سەڵەواتی بنەماڵەی ناوبراو چەندین جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتیان کردوە، بەڵام لە سەر چارەنووسی کوڕەکەیان و هۆکاری دەست بەسەرکران و شوێنی راگیرانی رۆڵەکەیان هیچ زانیارییەکیان پێ نەدراوە.

— — — — — — —

## کوژرانی لاوێکی خەڵکی مەریوان بە دەستی سپای پاسداران

هێزەکانی سپای پاسداران لاوێکی خەڵکی ئەو شارەیان کوشتوە.

بە پێی راپۆرتێکی خەبەرنامەی مەریوان شەوی ٢٤ی بانەمەڕ کاروان سەعیدی نیا بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران کوژراوە.

کاروان سەعیدی نیا تەمەن ٢١ ساڵان، خەڵکی ئاوایی پیرسەفا، کاتێ ویستوویەتی بە ماشینەکەی خۆی بەرەو نێوشاری مەریوان بڕوا، لە نزیک زرێبار هێزەکانی سپا بێ هیچ هۆکارێکی تایبەت تەقەی لێ دەکەن و دەیکوژن و دوایە دەردەکەوێ کە ماشینەکەی کاروان هیچ کەل و پەلێکی تیا نەبوە.

شایانی باسە ئەو شوێنەی سپا بۆسەی تیا داناوە پێشتر شوێنی «ایست بازرسی» هێزەکانی ئینتیزامی بووە، بەڵام لە دوو ساڵ لەمەو پێشەوە چۆڵ کرابوو.

— — — — — — —

## ناڵەباربوونی بارودۆخی سڵامەتیی خوێندکارێکی گیراوی کورد لە سەقز



خوێندکارێکی کوردی خەڵکی سەقز بە ناوی «هێمن دێهقانی» کە زیاتر لە ٤ مانگ لەوە پێش لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی سەقزەوە دەستبەسەر کراوە، لە دۆخێکی ناڵەباری جەستەییدا دەژی و بەرپرسانی بەندیخانە ئیزنی هاتنە دەرەوەی پێ نادەن.

ناوەندەی هەواڵنێری سەقز لەو پێوەندییەدا بڵاوی کردۆتەوە کە هێمن دێهقانی خوێندکاری ساڵی ئاخری رشتەی شیمیی زانکۆی پەیام نووری سەقز بووە و هاوکات وەک کارمەندی تاقیگەی پزشکی کاری کردوە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەی هەواڵی ناوبراو لە رۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی رابردوودا بە تاوانی هاوکاریکردنی یەکێک لە حیزبە کوردستانیەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەستبەسەر و دواتر بۆ گرتووخانەی ئیتلاعاتی سەقز گوازراوەتەوە.

شایانی باسە کە هێمن دێهقانی دوای دەستبەسەر کرانی سەرەتا ٤٥ رۆژ لە زیندانی ئیتلاعات راگیراوە و پاشان لە دادگادا بە ٣ ساڵ زیندان حوکم دراوە.

### نوێنەرێکی مەجلیس:

## ئەحمەدی نژادیش وەک ڕەزا شا دیکتاتۆر و خۆبەزلزانە





نوێنەرێکی مەجلسی شوورای ئیسلامیی ئێران لە وتووێژێکدا رایگەیاندوە کە ئەحمەدی نژادیش وەک رەزا شا دیکتاتۆر و خۆبەزلزانە.

غولامرەزا مسباحی موقەدەم، نوێنەرانی مەجلیس لە وتووێژێک دا لەگەل ماڵپەڕی «خبرآنلاین»، کە ماڵپەڕێکی نزیک لە لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسە رایگەیاندوە کە ئەحمەدینژاد کەسێکی دیکتاتۆرەو کوتی کە سەرکۆمار ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ پێی خۆشە بە تەنیا هەموو کارەکانی وڵات بگرێتە دەستی خۆی.

مسباحی موقەدەم لە درێژەی قسەکانی دا باسی لەوە کردوە کە زۆر کەس لە زمان ئەحمەدینژادەوە گێڕاویانەتەوە کە وتوویەتی لەعنەت لەو کەسەی بناخەی دابەشکردنی دەسەڵاتی دانا، دیارە ئەو مەبەستی «مۆنتیسکیو» یەکێک لە رووناکبیرانی گەورەی فەرانسەیەو ئەحمەدی نژادیش وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان دەیەوێ خۆی تاکە دەسەڵاتداری وڵات بێ.

شایانی باسە کە وتەکانی ئەو نوێنەرە ئوسوولگەرایەی مەجلیس دوو رۆژ دوای دانیشتنی نێوان لاریجانی و ئەحمەدینژاد بە ناوبژیوای عەلی خامنەیی بڵاو کراوەتەوە و نیشاندەری ئەوەیە کە سەرەڕای هەوڵی زۆری خامنەیی بۆ هێور کردنەوەی دۆخەکە، بەڵام قەیرانی متمانە بە یەکتری کردن لە نێوان لایەن و دەزگاکانی ناو کۆماری ئیسلامی ئێراندا گەیشتووەتە جێگەیەک کە تازە ڕەنگە چارەسەر کردنی کارێکی ئاستەم بێ.

— — — — — — —

## کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە لە شەڕ دەگەڵ خەڵکی کوردستان دا ٢٣ هەزار کوشتەی داوە

بەرپرسێکی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاشکرای کرد کە «بۆ دابین کردنی ئەمنیەتی» پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شەڕ بە دژی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران ٢٣ هەزار کوشتەی لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران داوە.

ئەو کاربەدەستەی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندوە کە تەنیا بەشی خەڵکی ئیسفەهان لەو کوشتەدانە دا ٥٤١٦ کەس بووە.

یەحیا رەحیم سەفەوی تەنیا ئاماری کوژراوەکانی باس کردوە و ئاماژەیەکی بە رادەی نەقوستان یان زیانە مادیەکانی ئەو شەڕانە بۆ کۆماری ئیسلامی نەدا.

ناوبراو ئەو قسانەی رۆژی ٢٤ی بانەمەڕ و لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنە و لە ڕێورەسمێک دا کرد کە بە بۆنەی ساڵرۆژی داگیرکردنی ئەو شارە لە ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٥٩ لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، بەڕێوە چوو.

شایانی باسە کە ئەو کاربەدەستەی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوەی نەکردوە کە لە لەشکەرکێشیی کۆماری ئیسلامیدا بۆ کوردستان چەندەها کەس لە خەڵکی کوردستان کوژراون و زیانەکانی سەپاندنی شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستان تا ئێستاش هەر درێژەیان هەیە.

سەرچاوە: «رۆژهەڵات تایمز»

— — — — — — —

## بڕینەوەی حوکمی قورسی ٢٥ ساڵ زیندان بە سەر زیندانییەکی سیاسیی کورد دا



بەپێی دوایین زانیارییەکان بە هەوڵی زۆری بنەماڵەکەی و پارێزەرەکانی، لە دادگای پێداچوونەو دا سزای ئێعدام لە سەر وەحید نەبی زادە هەڵ گیراوە و حوکمی ٢٥ ساڵ زیندانی بۆ براوەتەوە.

بە بریاری ناوەندی قەزایی کۆماری ئیسلامی زیندانیەکی سیاسیی کورد سزای ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

بە پێی راپۆرتی هەواڵدەری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ وەحید نەبی زادە ،بەندکراوی سیاسی کورد تەمەن ٢٨ ساڵ خەڵکی ئاوایی گوڵ ئادەم لە ناوچەی سەڵماس کە ئێستا لە بەندیخانەی زەنجان دەستبەسەرە، لە لایەن دادگایەکی ڕژیمەوە سزای ٢٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەست دان، ناوبراو ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە دەستبەسەر کراوە و پاشان بە دانانی بارمتەیەکی قورس ئازد کراوە و دواتر لەلایەن دادگاوە وەحید نەبی زادە بە بێتاوان دەناسرێ و ئازاد دەکرێ.

ئەم بەندکراوە کوردە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ جارێکی دیکە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر دەکرێ و تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەدرێتە پاڵ و بەم تۆمەتە سزای ئێعدامی بۆ دیاری دەکرێ.

# ڕوانینی دواكەوتووانە و سیاسەت دارێژیی نەشیاو، هۆكاری ناسەركەوتوویی ئێران لە ماراتۆنی پێوەندییەكان دا

## (بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی پێوەندییەكان)

مەحموود شەریفی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: وریا ڕەحمانی

دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ پێوەندی لەگەڵ خەڵكانی دیكە هەمیشە یەكێك لە كەڵكەڵە سەرەكییەكانی مرۆڤ بووەو حەزی پێكهێنانی پێوەندی لەگەڵ خەڵك مرۆڤی هان داوە تا هەمیشە بە شوێن ڕێگای تازەوە بێ لەم بوارەدا. ئافراندنی خەت خاڵی دەسپێكی ماراتۆنی درێژی پێوەندییەكان بووەو كەڵك وەرگرتن لە كۆتری نامەبەر و ئەسپی چاپار لە دنیای كۆن دا ڕێگاكانی ئاسانكاری لە پێوەندی دا بوون. بەڵام پاش پەیبردن بە وزەی كارەبایی شۆرشێكی نوێ لەم بەستێنەدا هاتە ئاراوەو لە ماوەیەكی كورتخایەن دا مرۆڤ توانیی لەگەڵ دروستكردنی تەلگراف و تەلەفون وردە وردە مەوداكان كورت تر بكاتەوە. لەمڕۆدا ئیتر بە كەڵك وەرگرتن لە ئامرازە پێوەندییە پێشكەوتووەكان وەك ماهوارە، ئینترنێت، تەلەفون و ... كۆمەڵێكی بەرین لە بابەت و زانیارییەكان لە كەمتر لە چركەیەك دا لە سەرتاسەری جیهان دا دەگوازرێتەوە. هەر بۆیەشە كە بەم دەورانە دەڵێن سەردەمی پێوەندییەكان. لە ڕێكەوتی ١٧ی مانگی مەی ١٨٦٥ی زایینی دا یەكێتیی تەلگرافی نێونەتەوەیی لە پاریس دامەزراوو پاشان ناوەكەی بە یەكێتیی نێونەتەوەییی پێوەندییەكان گۆڕا. دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دامەزرانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بە پێی بڕیاری كۆڕی گشتیی وڵاتانی بەشدار، ئەو یەكێتییە وەك ناوەندێكی تایبەتیی نەتەوە یەكگرتووەكانی لێهات و ڕۆژی دامەزرانی یەكێتیی تەلگرافی نێونەتەوەیی وەك ڕۆژی جیهانیی پێوەندییەكان دیاری كرا.

گەڵاڵە دارێژی بۆ دابین كردن و پەرەپێدانی ژێرخانەكانی پێوەندی لە دنیای ئەمڕۆدا لە ئەستۆی دەوڵەتانە و نیشانەكانی پێشكەوتوویی هەر وڵاتێك، ئاستی كەڵك وەرگرتنی خەڵك لە ئامرازە پێوەندییەكانە. ئێستا زیاتر لە سەد ساڵ بەسەر ئەندامەتیی ئێران لە یەكێتیی جیهانیی تەلگراف تێدەپەڕێ. ئەگەرچی بە نیسبەت ڕابردوو ئاڵوگۆڕێكی زۆر لە بواری دەست پێڕاگەیشتنی خەڵك بە كەرەستە پێوەندییەكان دا پێك هاتووە كەچی هێشتاش ئێران جیاوازییەكی زۆری لەگەڵ وڵاتانی جیهان لە بواری پێوەندییەكاندا هەیە و تەنانەت لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكەش دا سەرەڕای قسەی كاربەدەستان هێشتاش لە ئاستێكی نزم دایە.

سیاسەتگوزاریی نادرووست و گرینگی نەدان بە ژێرخانەكان، ئێرانی لە ڕیزی وڵاتە دواكەوتووەكانی ڕیزبەندیی جیهانی لەم بوارەدا داناوە. لێرەدا ئاماژەیەكی خێرامان دەبێ بۆ گرینگترین هۆكارە كاریگەرەكان لەم بوارەدا.

لە سەردەمی مەجلیسی چوارەم و پێنجەمی ئێران دا، مۆبایلیان بە كەرەستەیەكی زیادی دەزانی و ئینجا بە دانانی هەندێك یاسای تایبەت ڕێگرییان دەكرد لە بەرامبەر سەرمایەگوزاری بۆ گەشەو پەرەپێدانی ژێرخانەكانی پێویست بۆ دەست پێڕاگەیشتنی هەمووان بەم ئامرازە گرینگە پێوەندییەوە. لەمڕۆدا ئیتر مۆبایل بە یەكێك لە پێداویستییە سەرەكییەكانی هەر تاكێك بە حیساب دێ و وەك نیازێكی حاشاهەڵنەگر و ئەساسی لە پێوەندییەكانی خەڵك دەژمێردرێ.

**لە سەردەمی مەجلیسی چوارەم و پێنجەمی ئێران دا، مۆبایلیان بە كەرەستەیەكی زیادی دەزانی و ئینجا بە دانانی هەندێك یاسای تایبەت ڕێگرییان دەكرد لە بەرامبەر سەرمایەگوزاری بۆ گەشەو پەرەپێدانی ژێرخانەكانی پێویست بۆ دەست پێڕاگەیشتنی هەمووان بەم ئامرازە گرینگە پێوەندییەوە.**

هەبوونی ڕوانگەی هەڵەو نابەجێی كاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە مۆبایل، بوو بە هۆی ئەوەیكە ساڵانێكی زۆر وڵات لە دەست پێڕاگەیشتن بەم ئامرازە پێویستە لە پێوەندی دا وەدوا خست. وڵاتانی دراوسێی ئێران، وەك پاكستان و توركیە، ئۆپێراتۆرەكانی چوارەم و پێنجەمی خۆیان لە حاڵێك دا وەكار خستووە كە لە ئێران تەنیا دوو ئۆپێراتۆر كار دەكات.

ئۆپێراتۆری یەكەم شیركەتی موخابەراتی ئێران (همراه اول) و ئۆپێراتۆری دووهەم بەرهەمی كۆنسێرسیۆنی ئێرانی ـ ئەفریقای باشوور (ایرانسل) هێشتاش توانایی سێرویس و خزمەتگوزاریی پێشكەوتووانەیان لەم بەستێنە دا نیە. نەبوونی كێبەركێی لە بازاری مۆبایل و وەدرەنگ خستنی ڕادەستكردنی ئەم بازارە بۆ كەرتی تایبەت (خصوصی) لەو هۆكارە گرینگانەن كە بوونەتە هۆی ئەوەی ئێران لە چاو وڵاتانی خاوەنی ئەو زانستە بە شێوەیەكی ڕاشكاوانە وەدوا بكەوێت. بە پێچەوانەی ئاماژە فەرمییەكانی بەرپرسانی ئێران، ئەو كۆمپانیایانەی لەم بوارەدا چالاكی دەكەن لەگەڵ قەیرانی دارایی و نەبوونی توانایی پێویست بۆ گەشە و پەرەپێدانی ژێرخانەكانی ئەو دیاردەیە ڕووبەڕوون.

بۆ وێنە كۆمپانیای ئێرانسێل زیاترین فرۆشی خۆی لە ئاستی سیمكارتی ئێعتباری دابووە. فرۆشی ڕێژەیەكی زۆری سیمكارتی ئێعتباری بە ئاكامی پڕوپاگەندەی زۆر، پێدانی ئەشانتیۆن، وەرگرتنی نرخی كەم و هەندێ جار خۆڕاییش بووە و لە ئێستا دا زۆربەی ئەو سیمكارتانە كار ناكەن. نیسبەتی داهاتی كەم (٨ دۆلار) لە ساڵی ڕابردوو بۆ هەر سیمكارتێك، ڕاستیی بابەتەكە زیاتر دەردەخات.

بەرپرسانی كاروباری پێوەندییەكان لە ئێران لەم ساڵانەی دوایی دا لاوازییەكانی خۆیان لە بواری مۆبایل دا، بە خستنە ڕووی ئاماری نارروون شاردۆتەوە. گەرچی ئێران لە ئێستادا لە بواری تێچووی تەلفونی نۆرماڵیش نرخێكی كەمی هەیە بەڵام ئەوە هەرگیز وەك ئیمتیازێك بۆ ئێران حیساب ناكرێ. چون كەم بوونی تێچووی نرخی تەلفونی نۆرماڵ لە بەر هەبوونی ژێرسازیی باش لەم بوارەدا نیە بەڵكوو لەبەر سوبسیدێكە كە لەم بوارەدا دەیدات و لە ڕاستیشدا كورتی و كەمهێنانی بودجەكەشی لە ڕێی زیادبوونی دەسپێڕاگەیشتن لە ئینتێرنێت لە ئێران دا بە تەلفونی نۆرماڵەوە یەكێكی دیكە لە گرفتەكانی بەردەم پێوەندییەكانە لە ئێران.

سیستمی ئینتێرنێت لە ڕێی هێڵەكانی تەلەفونی نۆرماڵەوە (dialup) ئێستا لە ئاستی جیهانی دا برەوێكی ئەوتۆی نەماوەو تەنیا لە شوێنە دوورە دەستە گوندییەكاندا كەڵكی لێ وەردەگیرێ.

وێڕای داخراوە بوونی بازاڕی ئامراز و كەرەستە پێوەندییەكان، كەچی چونكە بەرهەمەكانی ئەم بوارە دەوری پێداویستییە ڕۆژانەكانی خەڵكی دەگێڕن، ئێستا وەكوو یەكێك لە پڕ داهات ترین بوارەكانی بازرگانی لە بازاڕ دا سەیری دەكرێ. كێشەی چۆنێتی ڕادەستكردنی بەشەكانی شیركەتی موخابەرات و فرۆشتنی بە كۆمپانیا دەسەڵاتدارەكانی پەیوەست بە سپای پاسداران هێشتاش لە باسە گرینگەكانی بازاڕی بورسی ئێرانە.



ڕەنگە دەستگرتن بەسەر فەزای مەجازی و كۆنترۆڵی ئیتێرنێت لەمڕۆدا لە گرینگترین كێشەكانی كاربەدەستانی ئێران بێ. نیشانەكانی مەترسی لە گشتگیربوونی ڕوو لە زیادی پێوەندییە ئیتێرنێتییەكان لە ئێراندا لە لێدوانەكانی بەرپرسانی كاروباری پێوەندییەكان بە ڕوونی دەردەكەوێ. هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێكرد بەهۆی وابەستەبوونی ئیتێرنێتی ئێران بە هێڵی تەلەفونی نۆرماڵەوە، هێشتاش مەجال و بەستێنی سەرمایەگوزاری بۆ دەوڵەمەند كردن و پەرەپێدانی ئیتێرنێتی خێراتر نییە.

**ڕەنگە دەستگرتن بەسەر فەزای مەجازی و كۆنترۆڵی ئیتێرنێت لەمڕۆدا لە گرینگترین كێشەكانی كاربەدەستانی ئێران بێ. نیشانەكانی مەترسی لە گشتگیربوونی ڕوو لە زیادی پێوەندییە ئیتێرنێتییەكان لە ئێراندا لە لێدوانەكانی بەرپرسانی كاروباری پێوەندییەكان بە ڕوونی دەردەكەوێ. هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێكرد بەهۆی وابەستەبوونی ئیتێرنێتی ئێران بە هێڵی تەلەفونی نۆڕماڵەوە، هێشتاش مەجال و بەستێنی سەرمایەگوزاری بۆ دەوڵەمەند كردن و پەرەپێدانی ئیتێرنێتی خێراتر نییە**

لەڕاستیدا بەهۆی ئەو چەشنە لێكدانەوە نابەجێیانە و خولیای گەیشتن بە ئیتێرنێتی نەتەوەیی و خۆماڵی لە ئێران دا، تا ئێستاش كۆمپانیا پێوەندیدارەكان لەژێر سەرمایەگوزاری بۆ پێكهێنانی ژێرخانەكانی ئیتێرنێتێكی خێرا دەرچوون. ئینجا بە باوەڕی زۆربەی كارناسانی كاروباری پێوەندییەكان، وڵاتی ئێران لەگەڵ دەسپێڕاگەیشتن و بەدەستهێنانی ئیتێرنێتی نەتەوەیی و خۆماڵی یەكجار دوورە و ساڵانێكی زۆری ماوە و لە ئەگەری هاوكاری نەكردنی كۆمپانیا بیانییەكان دا، دەستەبەر كردنی ئەو بابەتە زیاتر لە خەون و خەیاڵی خاو دەچێ.

# بزووتنەوەی خوێندکاری و دژایەتیی خوێندکاران

## خوێندنەوەیەک بۆ هۆکارەکانی ناکارایی

## ئاکسیۆنە خۆێندکارییەکان لە ئێراندا

ڕەحمان سەلیمی

زانکۆکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە مەیدانی ئاڵوگۆڕ و رووداوە کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و... یەکان بوون و پێگەی بەرچاوی ئەم بنیاتە زانستییە لە ئاراستە کردنی گۆڕانکارنەکانی کۆمەڵگا جێی سەنجی رای گشتی بووە. رووداوە خوێندکارییەکانی چەند دەیەی دوایی ئێران سەلمێنەری ئەم ئیدیعایە ؛ لە دامەزرانی لقی خوێندکاریی حیزبی تودە لە ساڵی ١٣٢٢ وە بگرە تا رووداوی ١٦ی سەرماوەزی١٣٣٢ و داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن خۆیندکارانی پێڕەوی هێڵی ئیمام لە سالی ١٣٥٨دا، شۆڕشی فەرهەنگی وداخرانی زانکۆکان لەساڵی ١٣٥٩ و رووداوی کوی زانستگەی تاران لە ١٨ ی پووشپەری ١٣٧٨ و روداوەکانی خۆێندکاریی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی خولی دەیەم ، هەمویان نیشانەی گرینگی رۆڵی زانکۆ یان بە واتایەکی باشتر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران دان. لەوانەیە بتوانین بە هێندێک چاوپۆشیکردن جموجۆڵە خوێندکارییەکان لە زانکۆکانی ئێراندا بە بزووتنەوەی خوێندکاری ناوزەد بکەین و بەم شێوەیە رێگە بۆ شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی ئاکسیۆنە خوێندکارییەکان خۆش بکەین. لە بەر ئەوە دەستەواژەی بزووتنەوە بە حەزەرەوە بە کار دێنم، چونکە بزووتنەوەی خۆیندکاریی ئێران هەموو تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەیەکی خوێندکاری بە پێی پێناسە کۆمەڵناسییەکان تێدا نییە. هەر چۆنیک بێ ئەم بابەتە لە گرینگی و کاریگەریی زانکۆکان لەسەر کۆمەڵگە و هیندێک جار رۆڵی پێشڕەو و پێشاهەنگیان کەم ناکاتەوە.

بزووتنەوەی خوێندکاری رۆڵی پردی پێوەندی نێوان بژاردەکان وجەماوەری لە کۆمەڵگە دا هەیە و بەرهەمە فیکری و بەهاکانی بژاردەکان لە هەموو رەهەندەکانی دا شی دەکاتەوە و بۆ کۆمەڵگەی دەگوازێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە فیکر و مەعریفە لە پێکهاتەیەکی تیۆری بۆ پێکهاتەیەکی پراکتیکی دەگوازێتەوە و هەر ئەمەش دەتوانرێ وەک گرینگترین رۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری لە قەڵەم بدرێ. هەڵبەت کاتێک ئەم خوێندنەوەیە راستتر دەردەچێ کە کۆمەڵگە پێوەندییەکانی مودێرنی لە هەموو بوارەکانی دا لە جێگەی پێوەندییە نەریتییەکان جێگیر کردبێ. و بۆ هەموو بنیاتە کۆمەلایەتییەکان بتوانرێ ئەرک و کاری تایبەت پێناسە بکرێ.

بەهۆی زاڵ بوونی پێوەندییە نەریتییەکان و مانەوەی ئێران لە قۆناغی پێش مۆدێرن دا زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەرکی خۆیان دوور کەوتونەتەوە. لە بەر نەبوونی بنیاتە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی وەکوو: پارت و ئێن جی ئۆکان ، زۆر زیاتر لە رادە و ئاستی ئاسایی خۆیان دەرکەوتوون. دوکتور حوسین بەشیریە بیرمەندی گەورەی ئێرانی پێی وایە ئەگەر بزووتنەوە خوێندکارییەکان بێنە نێو سیاسەتەوە واتا سیاسەت لێدراوبن یان بە دەربڕینێکی دیکە(دەسەڵات) لەجیگەی(راستی) دانێن ، بەلاڕێدا دەچن . ئەو لە سەرئەو بڕوایەیە کە ئەرکی ئەم بزووتنەوەیە رەخنەدان ورۆشنگەرییە و ئەم رەخنەدانە دەبێ ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار، سیاسەتە باوەکان، دۆخی عیلم وزانست و باس کردن لەبارەی هەموو بەها و نۆرمە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە . بەم پێشەکییەوە دەتوانین دۆخی هەنووکەی بزووتنەوەی خۆیندکاری تاوتوێ بکەین و بە ئاماژە کردن بە هەر کام لە ئاکسیۆنەکانی ئەم بزووتنەوەیە، خەسارەکانی دەستنیشان بکەین.

٢٥ی گوڵان رۆژێک بوو کە زۆر پێشتر لەلایەن چالاکانی خۆێندکاری و غەیرە خوێندکارییەوە وەک رۆژی مانگرتن و ئێعتراز لە دژی دۆخی ئەمنییەتی زانکۆکان، کێشە سینفییەکانی خۆێندکاران و ترس و تۆقاندنی زاڵ بەسەر زانکۆکان و رەنگە بەستێن سازی بۆ دەستپێکی زنجیرەیەک ئێعترازی خۆێندکاری لەمانگی جۆزەردان دا ناوزەد کرابوو و بانگەوازگەلێکی زۆر لەلایەن خوێندکاران لە زۆربەی زانکۆکانی ئێران لە فەزای مەجازی و بە تایبەت لە لاپەڕەکانی فەیس بوک دا بڵاوکرابۆوە؛ بەڵام بە هاتنی ئەم رۆژە شاهیدی حەرەکەتێکی ئێعترازی بەربڵاو لە زانکۆکان و ئامادە نەبوونی خۆێندکاران لە پۆلەکانی وانە وتنەوە نەبووین. هەڵبەت قەوارەی ئەم ئێعترازاتە و رەنگدانەوەی لە راگەیەنە نێوخۆیی و دەرەکیەکاندا زۆر کەمتر لە رادەی چاوەڕوانی ئەو کەس و لایەنانە بوو کە بانگەوازیان دابوو و بە کردەوە ناکارایی ئەم میتۆدەی لەم هەل مەرجەدا سەلماند. هەر چەند لێکدانەوەی هۆکار و فاکتەرەکانی ئەم ناکاراییە لە توانای ئەم نووسینە بەدەرە، بەڵام بە کورتیش بێ ئاماژە بە هێندێک لە هۆکارەکانی دەکەین.

١_ سەربەخۆ نەبوونی زانکۆکان و کەوتنە ژێر باندۆری رەوتە سیاسییەکان ، کۆسپێکی گەورەیە لە سەر رێگەی یەکگرتوویی رەوتە جۆراوجۆر و هێندێک جار دژ بە یەکەکانی نێوزانکۆکان و، گوتاری تا رادەیەک پاوانخوازانەی زاڵ بە سەر بانگەوازدەراندا کە لەگەڵ پشتیوانی سەوزە ماندوو و داماوەکانی نێوخۆ و دەرەوی وڵات ئاوێتە بوو، پاژنەئاشیلی حەرەکەتی ئێعترازی ٢٥ی گوڵان و حەرەکەتگەلێکی لەو چەشنەیە لە داهاتودا.

٢_ لەم ساڵانەی دوایی دا رەهەندی نەرم ئامێری بزووتنەوەی خوێندکاری بۆتە قوربانی رەهەندی سەخت ئامێری و بیرکردنەوە و ئەندێشە پۆزیتیویسییتەکانی رێکخراوە خوێندکارییەکانی لایەنگری رەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی زانکۆ. بزووتنەوەی خوێندکاری لەم دەیەی دوایدا زۆرتر سیمای دەرەوەی خۆی نمایش کردووە و خوێندکاران ئاکسیۆنەکانی خۆیان لە مانگرتن، هەڵلاوهەنگامە و تریبونە ئازاد وکارنەواڵە پرۆپاگەندەییەکان دا قەتیس کردووە و کاریگەرنەبوونی ئەم ئاکسیۆنانەش بێ هیوایی و سەرلێشێواوی خۆیندکارانی لێ کەوتۆتەوە.




٣_ زۆربەی رێکخراوە خۆیندکارییە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان چالاکییان قەدەغە کراوە و چالاکانیان یان بێدەنگ کراون یان بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە و بەم پێیە پۆتانسیەلی بزووتنەوە لە ئاستی هەرە نزمی خۆی دایە . لەم هەل ومەرجەدا چاوەڕوانی خۆ بە رێکخستن کردنی خۆیندکاران بۆ وەرێخستنی ئێعتراز و مانگرتن، چاوەڕوانییەکی لۆژیکی نییە.

٤) لە خەسلەتە دیارەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری ، دروستکردنی شەپۆلی رادیکاڵ، کاتی و هێندێک جار پڕباندۆری ئامانج خوازانەیە. لە حاڵەتێکدا ئەم شەپۆلانە نەبنە دینامیزمی حەرەکەتەکانی دوایی، لە پۆتانسییەلی بزووتنەوە کەم دەبێتەوە و پرۆسەی بەرەو دواوە گەڕانەوە و کپ بوونەوە بەخۆیەوە دەگرێ.

تا ئەو کاتەی شورای هەماهەنگی رێگەی سەوزی ئومێد زانکۆکان بە مەیدانی جموجۆڵی خۆی بزانێ و بە کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لە خوێندکاران بیەوێ بزووتنەوەی خوێندکاری لە پێناوی سیاسەتەکانی خویدا رێک بخا و، تا ئەو کاتەی بزووتنەوەی خوێندکاری سەربەخۆیی و فۆنکسیۆنی خۆی بە دەست نەهێنێتەوە و خوێندکاران ئەندێشە پاوانخوازەکانی بەشێک لە رێکخراوە خوێندکارییەکان پووچەڵ نەکەنەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری ناتوانێ پێگەی راستەقینەی خۆی بەدەست بێنێتەوە.

**بەهۆی زاڵبوونی پێوەندییە نەریتییەکان و مانەوەی ئێران لە قۆناغی پێش مۆدێرن دا زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەرکی خۆیان دوور کەوتونەتەوە. لە بەر نەبوونی بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو: پارت و ئێن جی ئۆکان ، زۆر زیاتر لە رادە و ئاستی ئاسایی خۆیان دەرکەوتوون**

**زۆربەی رێکخراوە خۆێندکارییە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان چالاکییان قەدەغە کراوە و چالاکانیان یان بێدەنگ کراون یان بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە و بەم پێیە پۆتانسیەلی بزووتنەوە لە ئاستی هەرە نزمی خۆی دایە . لەم هەل ومەرجەدا چاوەڕوانی خۆ بە رێکخستن کردنی خۆێندکاران بۆ وەڕێخستنی ئێعتراز و مانگرتن، چاوەڕوانییەکی لۆژیکی نییە**

# بەشارئەسەد، بەرەو هەڵدێر

ڕێبوار مەعرووف زادە

دوابەدوای وەرێکەوتنی شەپۆلی گۆڕانکاری لە وڵاتانی عەرەبی، زۆرێک لە کارناسان لەو بڕوایەدا بوون کە سوریە بە هۆی نەبوونی پێشینەیەکی نارەزایەتی بەربڵاو لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا و هەروەها بە هۆی بێ‌هەڵوێستی و بێ‌هەستی خەڵکی ئەم وڵاتە لە هەمبەر گۆڕانکارییەکانی ناوچە، ڕووبەڕووی شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری نابێتەوە. هەنووکە پاش نزیک بە دوو مانگ خۆپیشاندانی بێ‌پسانەوە لە سوریە، نە تەنیا ئەو ڕایە بە ناراست لە قەڵەم درا بەڵکوو تەشەنە و توندبوونەوەی خۆپیشاندانەکان خەریکە بیروڕای جیهانی بۆ شۆڕشێکی دیکە ئامادە دەکات. تێگەیشتن لە دۆخی ئێستاکەی سوریە لە ئاستی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی‌دا، دەتوانێ ئاسۆی ڕوانین و بیرکردنەوەمان بۆ داهاتوو بەرفراوان بکات.

**ڕەوشی ناوخۆیی سوریە:**

دیارە سوننی‌یەکانی شاری «حمص» لە ساڵی ١٩٨٢ ڕاپەڕینێکی گەورەیان بە دژی حکوومەتی سوریە وەرێخست کە سەرکۆماری ئەوکات حافز ئەسەد، بە کوشتنی هەزاران کەس، پێش بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ڕاپەرینەی گرت. هەروەها بەشار ئەسەدیش کە لە ساڵی ٢٠٠٠ دوای مردنی باوکی (حافز ئەسەد) بە دەسەڵات گەیشت لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی دایە کوشت و بڕی دەیان کوردی خەڵکی قامیشلوو. دیارە بە پێی پێکهاتەی کۆمەڵگای سوریە، سوننی‌یەکان زۆرینەی حەشیمەتی وڵات پێکدێنن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کەمینەیەکی عەلەوی دەسەڵاتی لەو وڵاتە قۆرخ کردوە. جگە لەمە کوردەکان لە سوریە نزیک بە ١٠٪ حەشیمەتی وڵات پێکدێنن بەڵام، لە هیچ شوێنێک لە یاسای بنەڕەتی سوریە دان بە بوونی کوردەکان نەهێنراوە.

تەرخانکردنی ٢٥٪ داهاتی وڵات وەک بودجەی نیزامی و سەپاندنی زیاتر لە ٤٨ ساڵ حکوومەتی نیزامی و ڕەوشی نائاسایی ڕێک نیشاندەری زاڵبوونی سیستمێکی حوکمرانی تەواو ئەمنیەتی بەسەر ئەو وڵاتە دایە. بە پێی ماددەی ٨ی یاسای بنەڕەتی سوریە، ڕاگەیاندنی ڕەوشی نائاسایی بە واتای هەڵوەشانەوەی سەرجەم مافە مەدەنیەکانە و ڕێگە بە سەرکۆمار دەدات کە جگە لە دامەزراوەکانی ئەرتەش، ئەمنیەت و زانیاری، پارلمان و دەزگای دادوەریش کۆنترۆڵ بکات. دیارە سیستمی ئەمنیەتی و داخراوی سوریە چاکسازی هەڵناگرێ هەر بۆیە داخوازی چاکسازی خۆپیشاندەران بە تفەنگ و تانگ وڵام دەدرێتەوە. هەر چەند کە توندوتیژی نواندن و لە ڕاستیدا شەڕکردنی حکوومەت لەگەڵ خەڵک نەتەنیا ئەوانی تووشی پرش و بڵاوی نەکردوە بەڵکوو، خەڵکی نارازی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لێبڕاوانەتر بە دژی بەشار ئەسەد دێنە سەر شەقام. بەم پێیە گەڕانەوە بۆ دواوە و ئارامبوونەوەی ڕەوشی ناوخۆیی سوریە زۆر ئەستەمە.

**ڕەوشی ناوچەیی سوریە:**

وڵاتی سوریە بە هۆی هەڵکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوسنووری لەگەڵ وڵاتانی ئیسرائیل، فەلەستین، تورکیە، لوبنان، ئوردون و عێراق لە ئیستراتژی زلهێزەکانی ناوچەیی و جیهانی دا لە گرینگی‌یەکی تایبەت بەهرەمەندە. هەلومەرجی ئاڵۆزی ناوخۆیی سوریە وایکردوە بە کردەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە جووڵەو چالاکی بکەوێت. دیارە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ناوچە لە هەمبەر سوریە بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی خۆیان و هەلومەرجی خۆپیشاندەران دادەرێژرێت نەک هەڵوێستەکانی حکوومەت.

بەم پێیە دەکرێ سیاسەتی وڵاتانی ناوچە لە هەمبەر ڕەوشی هەنووکەی سوریە بە چوار دەستە دابەش بکەین:

١- سیاسەتی فەلەستین: ڕێککەوتنی بزووتنەوەی فەتح و حەماس لە قاهیرەی میسر، لە لایەک نیشاندەری هاتنەوە مەیدانی حکوومەتی میسر بۆ ناو کێشەکانی جیهانی عەرەب و ناوچەکەیە کە بێ‌گومان ڕۆڵگێریی میسری دوای شۆڕش کە پابەندی‌یەکی زیاتری بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە لە بەرژەوەندی حکوومەتەکانی هاوشێوەی ئێران، عەرەبستان، سوریە و... کە خاوەنی سیستمێکی حوکمرانی سیاسی - پۆلیسی و داخراون، نیە. لە لایەکی‌تر ڕێکەوتنی حەماس و فەتح هەڵگری پەیامی هاتنە دەرەوەی بزووتنەوەی حەماس لە هاوپەیمانیە چوار قۆلی‌یەکەی ئێران، سوریە، حیزبوڵلا و حەماسە. هەر چەند کە لە ناوچوونی بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی ئاستی پەیوەندی و هاوکاری نێوان ئێران و حەماس دادەبەزێنێ بەڵام، ڕێکەوتنی حەماس لەگەڵ فەتح نیشاندەری ئەوەیە کە بزووتنەوەی حەماس بە تێگەیشتن لە گۆڕانکاری‌یەکانی ناوچە و بڕوابوون بە تەواوبوونی عومری سیاسی حکوومەتی سوریە، لە هەوڵدایە خۆی لە چارەنووسی هاوشێوەی ئەوان دوور بکاتەوە.

٢- سیاسەتی ئیسرائیل: دیارە ئیسرائیل لە نێوخۆی وڵاتەکەیدا ڕەچاوی پرەنسیپەکانی دیموکراسی دەکات بەڵام، لە سیاسەتی دەرەوەیدا سیاسەتێکی ڕادیکاڵی ئایینی گرتۆتە بەر.

تێکچوونی حکوومەتی سەرەڕۆی بەشار ئەسەد لە ئەنجامی خۆپیشاندانی جەماوەریدا بەستێنی دامەزرانی حکوومەتێکی دیموکراتترو وەڵامدەرتر خۆش دەکات کە ئەم بابەتە ڕەوایی‌یەکی زیاتر بە جیهانی عەرەبی دەبەخشێ و بیروڕای جیهانی بە ئاراستەی دژایەتی‌کردنی سیاسەتە ڕادیکاڵی‌یەکانی ئیسرائیل یەکدەخات. کەوایە ئیسرائیل گۆڕانکاریی سوریە لە بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆیدا نابینێتەوە.

٣- سیاسەتی تورکیە: وڵاتی تورکیە یەکێک لە وڵاتانی کلیلی ناوچەکەیە کە لەوێدا حیزبی ئیسلامی AKP بە هێنانە ئارای مۆدێلێکی نوێ لە دەسەڵاتداریتی، لە هەوڵدایە بە پەرەپێدان بەو مودێلە لە ناوچەکە، ڕێبەری جیهانی ئیسلام لە دەست بگرێ. هەر چەند کە ئێستاکە تورکیە بە هۆی سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنی پارلمان ئاستی هەڵوێست گرتنی لە هەمبەر ڕووداوەکانی ناوچە و بەتایبەتی ڕەوشی سوریە دابەزیوە بەڵام، دوابەدوای بە ئەنجام گەیشتنی هەڵبژاردن کە بە ئەگەری زۆر سەرکەوتنی دووبارەی AKPی لێدەکەوێتەوە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیە بە جیددی پشتگیری گۆڕانی بنچینەیی لە سوریە دەکات چونکە لە ناوچوونی سیستمی ئەمنیەتی سوریە، فەزای دیموکراتیکی ناوچە زیاتر دەکات و ئەو مەسەلەیە یارمەتیدەری بەرزبوونەوەی ئابووری و هەڵکشانی سیاسی تورکیەیە.

٤- سیاسەتی ئێران: سوریە گەورەترین و گرینگترین هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ئێران لە دەروازەی سوریەوە خۆ دەخاتە ناو جیهانی عەرەبەوە.

هەروەها پەرەدان بە شۆڕشی ئیسلامی (تیرۆریسم) کە وەک کۆڵەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دێتە ئەژمار و خۆ لە دژایەتی کردن لەگەڵ بوونی وڵاتی ئیسرائیل و دەستتێوەردان لە کێشەکانی فەلەستین، لوبنان و ناوچەکە دەبینێتەوە لە ڕێگەی جوغرافیای سوریەوە بە ئەنجام دەگات. بە واتایەکی‌تر قووڵایی ئیستراتژیکی کۆماری ئیسلامی بە حکوومەتی سوریە بەستراوەتەوە.

بەم پێیە ڕووخانی حکوومەتی سوریە گەورەترین شکستی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێدەکەوێتەوە. کەوایە ڕژیمی ئێران بە تێگەیشتن لە هەستیاری وڵاتی سوریە و لە پێناو پاراستنی، هەر چەشنە پلان و پشتگیریەکی ماددی، سیاسی و ئەمنیەتی، بە شێوەی ئاشکرا یان نهێنی بە پێویست لە قەڵەم دەدات، لە ئاستی جیهانیدا شاهیدی سێ جۆر ڕوانین و سیاسەت لە هەمبەر دۆخی هەنووکەی سوریە داین: ١- سیاسەتی یەکیەتی ئوروپا (فەرانسە، ئالمان، بریتانیا)

٢- سیاسەتی ئەمریکا

٣- سیاسەتی چین و ڕوسیە

١- سیاسەتی یەکیەتی ئوروپا: یەکیەتی ئوروپا لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە بە وردی هەلومەرجی ناوخۆیی سوریەی خستۆتە ژێر چاوەدێری. ئەو یەکیەتی‌یە دەسپێشخەری کۆمەڵێک هەڵوێست لە بەرامبەر توندوتیژی‌یەکانی سوریە بووە کە دەکرێ ئاماژە بە تەحریمی ١٣ بەرپرسی باڵای حکوومەت کە بەشداری بەرچاویان لە سەرکووتی خەڵک هەبووە، قەدەغەکردنی ناردنی چەک‌وچۆڵ بۆ ئەو وڵاتە و بردنی فایلی حکوومەتی سوریە بۆ ناو شورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین. لە ڕاستیدا سێ وڵاتی کاریگەری ناو یەکیەتی ئوروپا (فەرانسە، ئالمان و بریتانیا) بەم دەستپێشخەریانە «ڕێبەرایەتی هەڵوێست و گوشاری جیهانی» بۆ سەر حکوومەتی سوریەیان لە چنگ گرتووە. دیارە ئەم کردەوانەی یەکیەتی ئوروپا لەوە سەرچاوە دەگرێ کە سێ وڵاتی بەهێزی فەرانسە، ئالمان و بریتانیا لە ڕەوتی «شەڕی بەرژەوەندی» لەگەڵ ئەمریکادا، نەتەنیا پێشوازی گۆڕانکاری لە سوریە دەکەن بەڵکوو، بەردەوامی و بە ئەنجام گەیشتنی نائارامی‌یەکانی سوریە بە دەرفەتێک دەزانن کە پێویستە لە پێناو دەستەبەر کردنی پێگەیەکی باشتر لە سوریەی نوێ، نفووزێکی زیاتر لە ناوچەکە و دواجار بوون بە خاوەنی پشکێکی زیاتر لە «ڕێبەری جیهانی» کەڵکی لێ وەربگرن.

٢- سیاسەتی ئەمریکا: ئەمریکا بە هۆی نەبوونی لێبڕاوەیی و دەستپێشخەری لە سیاسەتی دەرەوەیدا، نەیتوانیوە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریە وەک ڕێبەرێکی جیهانی ڕۆڵ بگێڕێت. دیارە ئەم لاوازییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: الف) ئەمریکا بە جیددی سەرقاڵی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە.

ئۆباما و دێموکراتەکان دوا بە دوای کوشتنی بن لادەن کە شانسی سەرکەوتنی ئەوانی لە هەڵبژاردنەکان بردۆتە سەرێ، ڕاگرتنی دۆخی ناوخۆیی ئێستای ئەمریکا بە پێویست دەزانن. کەوایە هەوڵدەدەن لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بە ئەسپایی و بە دوور لە کێشە ڕۆڵ بگێڕن. لە ڕاستیدا دێموکراتەکان نایانهەوێ ریسک کردن لە سیاسەتی دەرەوەیاندا ئەوان تووشی شکەست لە هەڵبژاردنەکاندا بکات.

ب) ئەمریکا بە هۆی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسرائیل و کاریگەری بەرچاوی یەهوودیەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، ناچارە تا ڕادەیەک سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە لەبەر چاوگرتنی سیاسەت و بەرژەوەندی ئیسرائیل لە ناوچەکە دابڕێژێت، ئیسرائیلیەکان لەو بڕوایە دان گۆڕانکاری بنچینەیی لە حکوومەتی ئێستای سووریەدا لە بەرژەوەندی ئەوان دا نیە. کەوایە ئەمریکا هەوڵدەدا لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە بە نیسبەت ڕەوشی سوریە هەڵوێست بگرێ نەک لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە.

٣- سیاسەتی چین و ڕوسیە: سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێستای سووریە لە ناکۆکی و دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمریکاو بەگشتی ڕۆژئاوا دایە، ڕوودانی گۆڕانکاری لە سوریە بە هێزی جەماوەری، بەرە بەرە بەستێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی کراوەتر و دێموکراتیزە بوونی زیاتری ناوچەکە دەرەخسێنێ، دیارە بڵاو بوونەوەی گۆتاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەرەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئەو حکوومەتانەی سنووری سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان بەسەر جیهاندا داخستووە.

بەم پێیە سروشتییە کە چین و ڕوسیە وەک پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ، ئازادی بەیان، چاپەمەنی و.. لە مانەوەی حکوومەتە هاوشێوەکانیان لە ناوچەکە پشتگیری بکەن.



**دیارە ئەم کردەوانەی یەکیەتی ئوروپا لەوە سەرچاوە دەگرێ کە سێ وڵاتی بەهێز فەرانسە، ئالمان و بریتانیا لە ڕەوتی «شەڕی بەرژەوەندی» لەگەڵ ئەمریکادا، نەتەنیا پێشوازی لە گۆڕانکاری لە سوریە دەکەن بەڵکوو، بەردەوامی و بە ئەنجام گەیشتنی نائارامی‌یەکانی سوریە بە دەرفەتێک دەزانن کە پێویستە لە پێناو دەستەبەر کردنی پێگەیەکی باشتر لە سوریەی نوێ، نفووزێکی زیاتر لە ناوچەکە و دواجار بوون بە خاوەنی پشکێکی زیاتر لە «ڕێبەری جیهانی» کەڵکی لێ وەربگرن**

# پرسی کورد لە سوریا

موعتەسەم نوورانی

کوردەکانی سوریا گەورەترین کەمینە نەتەوەن لە سوریا کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێ بەشن.

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی، کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپڕاتوورییەش بەسەر سێ وڵاتی تورکیا و عێراق و سوریا دابەش کران. سوریا کەوتە ژێر باڵی فەڕانسە کە تا ماوەیەکی زۆر تەنانەت پاش چارەسەرکردنی کێشەی مووسڵیش لە ساڵی ١٩٢٥دا، کێشەیی نێوان تورکیە و فەڕانسە بەردەوام بوو. فەڕانسە لە خەباتی دژی تورکیا داوای لە کوردەکانی رۆژئاوا کرد کە ئەگەر لەو خەباتەدا سەرکەوتوو بێ کێشەی کورد لە سوریا چارەسەر بکا. تەنانەت لە خەباتی دژی تورکیا یارمەتی حیزبی خۆیبوونی دەکرد و دەیەویست جووڵانەوەی نیشتمانی کورد بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ. دوای تێکشکانی جووڵانەوەی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥دا، سوریا ببوو بە پەناگای ئەو کوردانەی کە لە تورکیا رایان کردبوو و هاتبوونە رۆژئاوای کوردستان. بەڵام دوایی کێشەی تورکیا و فەڕانسە لەسەر سنوور و دراو چارەسەر کرا، ساڵی ١٩٢٩ لە ئانکارا پەیمانێکیان بەست، بە گوێرەی ئەو پەیمانە تورکیا بەشێک لە ناوچەی کوردی بۆ سوریا بە جێهێشت، زۆربەی کوردەکانی لە سێ پارێزگای حەسکە (جەزیر)، رەقە، حەڵەب لە سنووری سوریا و عێراق و تورکیا نیشتەجێن کە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو قسە دەکەن. هەرچەند بۆ ئاماری دروستی کوردەکان هەتا ئێستا بەڵگەیەکی دروست لە دەست دا نییە، بەڵام بە گوێرەی داتاکان زیاتر لە ١٠٪ی دانیشوانی سوریا پێک دێنن کە زیاتر لە ٢/٥ میلیۆن کورد لەو وڵاتەدا دەژین.

یەکەم بزووتنەوەی کورد لە سوریا لە ساڵی ١٩٢٨ دا بە دوای داخوازییەکانی کوردان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان سەری هەڵدا کە داخوازییەکانیان تەسلیمی پارڵمانی دامەزرێنەرانی ئەو وڵاتە کرد. داخوازییەکانیان بریتی بوو: زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان بخوێندرێ و لە ئیدارەکان کاری پێ بکرێ. کار بەدەستەکان کورد بن و کوردەکان بۆخۆیان کاروباری ئیدارەی خۆیان هەڵسوڕێنن، بەڵام فەرمانڕەوا فەڕانسەوییەکان ئەوەیان قبووڵ نەکرد.

ئەوکات کوردەکان و عەڕەبەکان زۆر پێکەوە باش بوون، شان بە شانی یەکتر بۆ رزگاری سوریا خەباتیان دەکرد. ئەو هاوکارییە ببوە هۆی ئەوە کە کوردەکان دڵخۆش بن بە بەڵێنییەکانی عەڕەبەکان کە ئەگەر پێکەوە سوریا لە ژێر دەسەڵاتی فەرانسە رزگار بکەن، کوردەکان مافە نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بکرێ. بەڵام بەداخەوە بەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی فەرانسەییەکان و وەعدە و پەیمانی عەرەبەکان بە درۆدەرچوو. کوردەکان نەک هەر بە حەقی خۆیان نەگەیشتن بەڵکوو وەزعیان خراپتر بوو. کودێتا سەربازییەکان یەک بە دوای یەک دەستیان پێکرد، بەرە بەرە دەسەڵات وەدەست ناسیۆنالیستە عەرەبەکان کەوت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر چارەنووسی کوردەکان لە سوریا هەبوو کە بە داخەوە زمانی کوردی قەدەغە کرا و بەرە بەرە کوردەکان لە مەنگەنە خران. لە نێوان ساڵەکانی١٩٥٨ تا ١٩٦١، بە دروست بوونی حیزبی بەعس و دەسەڵات بە دەستەوە گرتنی لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر بناغەی بەهێز کردنی ناسیۆنالیزمی عەرەب کێشەی نێوان کورد و عەرەب زیاتر پەرەی ئەستاند.

دۆزینەوەی نەوت و کێڵگە نەوتییەکان لە ناوچە کوردنشینەکان هەستی جیاخوازی کوردانی لە فکر و هەست و دەرونی کار بەدەستانی عەرەبدا بەهێز کرد. لە راپۆرتی ژنراڵێکی سووری لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا لەسەر کوردەکان دەڵێ: «کێشەی کوردەکان، رێکخستنەوەی چالاکییەکانیانە، کوردەکان وەک لوویەکی سەرەتانی لەسەر لەشی نەتەوەی عەرەب هاتوون کە تەنیا چارەی، بڕین و لەنێو بردنیانە». ئەوە دەرکەوتوە کە نەوت و هەڵکەوتویی شازی جوغرافیایی کوردستان و ئابووری بەهێزی کوردستان بۆتە خۆرە بۆ گیانی کوردان. هەمووی ئەوانە هەڕەشەی سیاسی مەترسیدارن لەسەر کورد و بزووتنەوە رەواکانی. سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ لە سوریا، ترس و دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی سوریەی چەند بەرابەر کرد و ئامانج لەو سەرژمێرییە ئەوە بوو کە بە شێوەیەک حیلە شەرعێک بدۆزێتەوە تا حاشا لە بوونی نەتەوەییان بکا. بۆ ئەو مەبەستە کوردەکان دەبوایە سەلماندبایان کە هاووڵاتی سوورین و بەر لە ساڵی ١٩٥٣وە ئەوان لە سوریا نیشتەجێ بوون. دیارە مەبەستی نهێنی دەوڵەتی سوریا بە عەرەب کردنی ناوچە کوردنشینەکان بوو. بە راستی کوردەکان بەو بەهانەیە مافی هاووڵاتییان لێ دەستێندرایەوە و بە رەچاو کردنی سیاسەتی توندوتیژی نەتەوەیی بەرە بەرە ناوچە کوردنشینەکانیان بە عەرەب دەکرد، یانی کوردیان دەردەکرد و عەرەبیان نیشتەجێ دەکرد. هەتا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠هەزار کەس، کورد ناسنامەی سورییایی نەدراوەتێ و بە بێگانە چاویان لێ دەکرێ یا وەک میوان سەیر دەکرێن و حەقی کڕینی زەوی و خانوویان نییە و لە مافە سەرەتاییەکان بێبەشن. لە ئیدارەکانی دەوڵەتی کاریان نادرێتێ، لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی رەسمی بێبەشن. مافی دەنگدان و کاندیدبونیان نییە، چونکە پاسپۆرتیان نییە ناتوانن بچنە وڵاتانی دەرەوە. لە سوریا ئەو کەسانەی ناسنامەیان نییە و کورد نین، زۆر لە کوردەکان باشتر دەژین.

بەیانییەی مافی منداڵ کە لە ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەرچووە، رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی مافی منداڵ کە سوریا لە ساڵی ١٩٩٣ بوو بە ئەندامی ئەو رێکخراوەیە، دەوڵەتەکان ناچار دەکا، کە منداڵان دوای لەدایک بوون ناسنامەیان بدرێتێ، وەک هاووڵاتی ئەو وڵاتە هەموو مافێکیان هەبێ.

بە گوێرەی بەندی ج- مادەی ٣ی یاسای هاووڵاتی بوونی سوریا، ئەو منداڵانەی کە لە دایک و باوکێکی بێ ناسنامە یان نەناسراو لە دایک دەبن وەک هاووڵاتی سوریا لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام ئەو یاسایە بۆ کوردەکان بەڕێوە ناچێ. کە ئەوەش شکاندنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و مافی منداڵانە.

ئێستا کە ئەو حەڕەکەت و راپەڕینە دێموکراسیخوازانەیە لە وڵاتانی عەرەبی باکووری ئەفریقا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێکردوە، زۆربەی وڵاتە تۆتالیتێرەکانی گرتۆتەوە. ناڕەزایەتی دەربڕینەکان و خۆپێشاندانەکان بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ، ئازادی، دێموکڕاسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیی بەردەوامن. لە سووریاش خەڵک سەرەڕای سەرکوت و توندوتیژی دەسەڵات، هەروا لە مەیدان دان و رۆژ بە رۆژ زیاتر سوورن لەسەر ئاڵوگۆڕ و لابردنی دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوانەش بە داخەوە کوردەکان لەو هەلومەرجە ناسکە و هەستیارەی کە بۆیان خوڵقاوە، گوتاری نەتەوەییان زۆر لاوازە و بە زەقی داوای مافە نەتەوایەتییەکانیان ناکەن، بەڵکوو زیاتر داوای مافی هاووڵاتی و چاکسازی لە تەواوییەتی خاکی سوریا دا دەکەن.

هەروەک باسمان کرد، لە مێژووی سیاسی سوریا دا، کوردەکان نەیانتوانیوە حەڕەکەتێکی بەهێزی رزگاریخوازی لەو وڵاتەدا وەڕێ بخەن. ئەوەش بۆ چەند هۆ دەگەڕێتەوە:

١- وەزعییەتی جوغرافیایی، چوونکە مەڵبەندەکانی کوردی لە سوریا درووستە هەموو بەسەر خاکی باکوور و باشووری کوردستانەوەیە، بەڵام ئەگەر سەیری خەریتەی جوغرافیایی بکەین، مەڵبەندە کوردنشینەکانی سوریا لە نێو خاکی سوریادا بەسەر یەکەوە نین، بەڵکوو چەند مەڵبەندی عەرەب نشین لێکی جیا کردوونەوە.

٢- هەڵسوکەوت و بۆچوونی رێژیمە تۆتالیتێرەکانی حاکم بەسەر سوریا دا وایان کردووە کە کورد نەوێرێ بە راشکاوی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی خۆی دەرببڕێ، ئەگەر هەناسەی کێشابێ خەفەیان کردووە. بۆ وێنە نەبوونی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و رۆژنامە بە زمانی کوردی، رێگا نادەن بە کوردی بخوێنن و بنووسن، چونکە بەشێکی یەکجار زۆر لە لاوازی کوردەکان بۆ بەهێزی دەسەڵات لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە.

٣- بەشێکی ئەو لاوازیی گوتاری نەتەوەییە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە رێبەری پ ک ک لە سوریا بوو. بەڕاستی پ ک ک لە زیندووکردنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی کورد لە تورکیا دا گرینگی بەرچاوی هەبوو، بەڵام لە سوریا بە داخەوە کاریگەری نەرێنی هەبوو هەتا لە سوریا بوون حاشایان لە بوونی کورد لەو وڵاتەدا دەکرد.

٤- حیزبەکان بە داخەوە حیزبە سیاسییەکان لەم بوارەدا زۆر بە لاوازی عەمەل دەکەن و هەتا ئێستاش گوتاری هاوبەشیان نەبوو، زیاتر ململانێ و شەڕی حیزبایەتییان کردوە، هەر بۆیە ئێستا بەو ئەگەرەی کە لەسەر شانیانە دەبێ هەموویان یەک دەنگ و یەک هوتار بن بۆ رزگاری نەتەوەی کورد لە سوریا. بە هیوای ئەوە کە کوردستانی سووریاش رزگار بێ و کوردەکان بە ئاواتی خۆیان کە رزگاری کوردستانە بگەن.

**بە داخەوە کوردەکان لەو هەلومەرجە ناسکە و هەستیارەی کە بۆیان خوڵقاوە، گوتاری نەتەوەییان زۆر لاوازە و بە زەقی داوای مافە نەتەوایەتییەکانیان ناکەن، بەڵکوو زیاتر داوای مافی هاووڵاتی و چاکسازی لە تەواوییەتی خاکی سوریا دا دەکەن**

# ساڵێک دوای تاوانەکەی ١٩ی بانەمەڕ

عەولا بەهرامی

١٩ی بانەمەڕێ ئەمساڵ ساڵێک بەسەر تاوانێکی سامناکی دیکەی کۆماری ئیسلامی و رۆژێکی پڕ لە خەم و ماتەم بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا رادەبرێ. رۆژی ١٩ بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٩ دەزگای سەرکوت و تاوانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای داوای کۆڕ و کۆمەڵەکانی ماف مرۆڤ و ناڕەزایەتیی خەڵکی کوردستان فەرزاد کەمانگەر مامۆستای قوتابخانەکانی ناوچەی کامیاران و چوار بەندیی سیاسیی دیکەی بە ناوەکانی فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، شیرین عەلەم هولی و مەهدی ئیسلامیانیان ئیعدام کرد. هەرچەند تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران مێژوویەکی بە قەت ئەم رێژیمەیان هەیە، بەڵام ئەم تاوانەیان بە جۆرێک دەچێتە خانەی تاوانە هەرە قورسەکانییەوە. تاوانی ئێعدامی بەکۆمەڵی پێنج بەندی سیاسی بە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و ئێران و بیروڕای گشتی جیهانی و کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و سەرەڕای ئەو هەموو داخوازی و داوا مرۆڤدۆستانەیەی خرایە بەردەست دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، لە راستیدا سووکایەتییەکی گەورە بۆ شعووری نەتەوەیی کورد و بە گاڵتە گرتنی بیروڕای گشتیی جیهانی و کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین تاوانی لەسێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی ناخی هەر مرۆڤێکی کوردی وشیار و خاوەن هەستی نەتەوەیی بریندار کرد و ویژدانی هەر مرۆڤدۆست و ئازادیخوازێکی هەژاند. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کاردانەوەکان بەرانبەر بەو تاوانە قورسە چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات زۆر بەربڵاو بوون.

مانگرتنی سەرانسەری خەڵکی کوردستان لە رۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا کە تا ئێستاش بە گەورەترین مانگرتنی گشتیی لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان دا چاوی لێ دەکرێ، ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی بەربڵاو لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان ، مەحکووم کرانی ئەو تاوانە لە لایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و ولاتانی جۆراوجۆری جیهان ئەو کاردانەوە چاوەڕواننەکراوە بوون بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە بۆ مەحکووم کردنی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ وەڕێ کەوتن.

لەدوای ١٩ی بانەمەڕەوە بە دەرکەوتنی لایەنەکانی ئەو کاردانەوە بەربڵاوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زانیان چ لێکدانەوەیەکی هەڵەیان کردوە. ئەوان پێیان وابوو بە قبووڵ کردنی کاردانەوە نێونەتەوەییەکانی ئەم تاوانەیان لانیکەم لە ئاستی نێوخۆدا دەتوانن هەنگاوێکی قورستر بەرەو تۆقاندن و دەمکوت کردنی کۆمەڵگەی ئێران هەڵبێننەوە. ئەوان پێیان وابوو بە جێبەجێ کردنی ئەم ئیعدامە بە کۆمەڵە لە بەرەبەری ساڵڕۆژی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا دەتوانن خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی ئێران چاوترسێن بکەن.

ئەو کاردانەوە بەربڵاوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بەرامبەر بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتن کۆمەڵێک ئەزموونی نوێیان خستە دەست بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کوردستان. یەکەم ئەزموون کە دەتوانێ گەورەترین ئەزموونیش بێ، بریتییە لە راگەیەنی کردنی پرسی بەندییە سیاسییەکان لە لایەک و وەڕێ خستنی کەمپەینی جۆراوجۆر بەتایبەت لە ولاتانی پێشکەوتووی جیهان. لە پێوەندی لەگەڵ لە سێدارەدانی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی ئەم فاکتۆرە بۆتە هۆی ئەوە کە هەم هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی دروست بێ و هەم بتوانرێ سەرنجی بیروڕای نێونەتەوەیی و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان بۆلای پرسی کورد راکێشرێ. ئەم فاکتۆرە لە ئاستێکی دیکەشدا بووەتە هۆی ئەوە کە تێچووی ئەم تاوانە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر بچێتە سەرێ. چونکە کۆماری ئیسلامی پێشتر لە ئاکامی لەگۆڕێ دا نەبوونی کەشێکی راگەیەنەیی لە سەر تاوانکارییەکانی، بە کەمترین تێچوو ئامانجەکانی خۆی دەپێکا.

ئەزموونی دووهەم کە ناکرێ لەژێر کارتێکەریی فاکتۆری راگەیەنەیی بوونی پرسی بەندییە سیاسییەکان دا نەبێ، ئەو مانگرتنە گشتییە بوو کە لە رۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا سەرانسەری کوردستانی گرتەوە.

خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم مانگرتنە گشتی و سەرانسەرییە کە زۆربەی نیشانەکانی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و سەردەمیانەی بوونی خەباتی تێدا بەدی دەکرا، ئەزموونێکی نوێیان خستە سەر خەرمانی ئەزموونی خەباتی دوور و درێژی خۆیان.

راستە کۆماری ئیسلامی توانی بەو تاوانەی برینێکی دیکە بخاتە ناخی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە، بەڵام مانگرتنی سەرانسەری خەڵکی کوردستان و ئەو کاردانەوە نەتەوەیی و سەردەمیانەیەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان نواندیان دەریان خست کە خەباتی رەوای کورد بەم سەرکوت و تاوانکارییانە نەک هەر کز نابێ، بەڵکوو بەهێزتریش دەبێ.

# بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی

سامان فەقێ نەبی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

١٢ی ژوئەن، ڕۆژێکە کە دیسان ڕەوتە نەتەوەخوازەکان لە باکووری کوردستان لە لایەک و پارتی ئیسلامگەرای داد و گەشە لە لایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە تا هەرکامیان لە هەڤڕکێیەکی پڕ کێشمەکێشم بەڵام لە هەمانکاتدا دێموکڕاتیک پێگەی کۆمەڵایەتیی و دەنگەکانی خۆیان بە هێز بکەن. لە گۆڕەپانی سیاسی باکووری کوردستاندا پارتەکانی وەک پارتە تورکە چەپەکان و هەروەها ڕەوتە نەتەوەخوازە تورکەکان زۆر بەهێز نین و ئەوە تەنیا پارتی ئیسلامگەرای داد و گەشەیە کە بە شێوەیەکی پڕاکتیکی تا ڕادەیەک ڕەوتە نەتەوەخوازە کوردەکانی تووشی کێشە کردوە.

لەم قۆناغەی ئێستادا ڕەوتە ناسیۆنالیست و دێموکڕاتیکە کوردەکان لەچاو پێشتر شانسی زیاتریان لە ملە بە ملە دەگەڵ پارتی دادو گەشە هەیە، بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- شکستی گەڵاڵەکانی چاکسازیی داد و گەشە لە پێناو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە تورکیە و جێبەجێ نەبوونی پرۆژەی پێشنیاری ئەم پارتە لە پارلمان لە ژێر ناوی «چارەسەری دێموکڕاتیکی پرسی کورد» ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەوتە نەتەوەخوازەکانی کورد لە باکوور ڕەخساندوە تا بە زۆربەی خەڵکی کورد بڵێین کە پارتی داد و گەشە پرسی کوردی بۆ چارەسەر ناکرێ و جگە لە هێندێک چاکسازیی سواو توانای ئەنجامی هەنگاوی بنەڕەتی و چاکسازیی بنەمایی بۆ چارەسەری پرسی کورد نییە. بۆیە ئەمجارە زۆربەی خەڵکی کورد هیوایان بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسییە، بەو هیوایەی کە ئەم بەرەیە ئاشتی و دێموکڕاسی بۆ کوردەکانی باکوور بە دیاری بێنێ.

٢- لە سۆنگەی هەڵبژاردنی پارلمانی میللی تورکیەوە کە ١٢ی ژوئەن بەڕێوە دەچێ، کۆمەڵێکی زۆر لە پارت و کەسایەتییە نەتەوەخوازەکانی باکووری کوردستان لێک کۆبوونەتەوە، بابەتێک کە شەپۆلێکی خۆشحاڵی و گەشبینی کوردەکانی بەدواوە بووە. کاندیدا کوردەکان لە چوارچێوەی کاندیدای سەربەخۆ و سەر بە بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی لە هەڵبژاردنەکانی ١٢ی ژوئەن دا دێنە مەیدان و ڕاپرسییەکان نیشان دەدەن کە ئەم بەرەیە ٢٨ تا ٣٢ نوێنەری سەربەخۆ دەنێرێتە پارلمان.

پێویستە بوترێ پارتەکانی ئاشتی و دێموکڕاسی (bdp)، ماف و ئازادی (HAK-PAR) و بەشداری و دێموکڕاسی (KADEP) لە بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی دا یەکیان گرتوە، بابەتێک کە تا ماوەیەک لەمەوبەر زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەم باوەڕە بوون ئەم سێ پارتە کوردییە قەت ناتوانن لە چوارچێوەی بەرەیەکی هاوبەش دا بەشداری هەڵبژاردنەکان بن.

لێک نزیک بوونەوەی ئەم سێ پارتە کوردییە پشتیوانی زیاتر لە ٣٣٠ ڕووناکبیر، هونەرمەند و ژورنالیستی کوردی لێکەوتۆتەوە و ئەم ٣٣٠ کەسە کە زۆربەی کەسایەتییە با ناوبانگ و کاریگەرەکانی باکووری کوردستانن وێڕای پشتیوانی لە هاوپەیمانی ئەم سێ پارتە داوایان کردوە ڕێکەوتن و هاوکاریان دوای هەڵبژاردنیش هەر بەردەوام بێ. هەروەها ئەنێستیتۆی کورد لە ئیستامبوڵ و بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە باکووری کوردستان پشتیوانی خۆیان لە بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی دەربڕیوە.

٣- بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی هەوڵی داوە ئەو کەسانە بە کاندیدا بناسێنێ کە خاوەن شانسێکی زۆر بن بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان دا. کەسایەتیی کاریگەر کە بتوانن سۆز و متمانەی خەڵکی کورد بەلای خۆیان ڕاکێشن، کەسانی وەک لەیلا زانا ئوستوورە و هێمای خەباتی ژنان لە باکووری کوردستان، ئەحمەد تورک سیاسەتڤانی شەفاف و میانەڕەوی کورد، سەلاحەدین دەمیرتاش، شەڕەفەدین ئالچی و... .

٤- لە تورکیە هەم کورد و هەمیش تورک لە شەڕی تاقەت پڕوکێنی ٣٠ ساڵە وەزاڵە هاتوون. ئەمجارە زۆربەی کورد و تەنانەت هێندێک چین و توێژی میانەڕەوی تورک هاتوونەتە سەر ئەم بڕوایەی کە ئەگەر زۆربەی کاندیداکانی بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی سەرکەوتن، بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کوردیش لە پارلمانی تورکیە خۆشتر دەبێ و ئیدی مەترسی هەڵایسانەوەی شەڕی نێوان کورد و تورک تا ڕادەیەکی زۆر دادەبەزێ.

عەبدوڵڵا ئوجەلان، ڕێبەری بەندکراوی pkk لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاندوە چارەنووسی کورد بە ئاکامی هەڵبژاردنی بەردەم بەستراوەتەوە و ئاکامی هەڵبژاردنەکان دیاریی دەکەن کە ئاگر بڕی پ ک ک پاش ١٥ی ژوئەن درێژ دەکرێتەوە یان نا. ئوجەلان هەروەها هەڕەشەی کردوە شەڕی ئەم جارە لە شەڕەکانی پێشتر خوێناوی تر دەبێ و هەموو خاکی تورکیە دەتەنێتەوە.

تەنانەت کوردەکانیش بە جۆرێک لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ ترساون کە هێندێک تایفەی چەکدار کە لەمێژ ساڵە لە دژی گەریلاکان چەکیان هەڵگرتوە ئەمجارە ڕایگەیاندوە پشتیوانی لە کاندیدە سەربەخۆکانی بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی دەکەن؛ کە ئەم هەڵوێستە دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە لە ڕاگەیەنەکانی تورکیەدا هەبووە و هێندێک لە ڕۆژنامەکان بە سەرسووڕمانەوە باسیان لێ کردوە. یەکێک لەم تایفانە، تایفەی «مەمان» کە ٥ هەزار کەس دەبن. بەهەر حاڵ هەموو ئەو بابەتانەی باس کران نیشانەری ئەوەن کە بەرەی ڕەنج، ئاشتی و دێموکڕاسی لەم هەڵبژاردنەدا شانسێکی باشی لەبەردەمدایە و پرسی کورد هەروا دەکەوێتە ناوەندی بابەتەکانی پارلمانەوە.




# دەستپێشخەریی حیزبە کوردییەکانی سوورییە بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری دەرچوون لە قەیرانەکانی ئەو وڵاتە

حیزب و هێزە نیشتیمانیە کوردییەکان لە سوورییە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ ی بانەمەڕ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا و بەئامادەبوونی سکرتێر و سەرکردایەتیی حیزبەکان و چەند کەسایەتیەکی نشتیمانی و نوێنەری هێزە سیاسییەکانی عەڕەبی و ئاشوری لە شاری قامیشلۆ دەسپیشخەرییەکیان بۆ دەرچوون لە قەیرانەکانی ئێستای سورییە ڕاگەیاند.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی پەیامنێر لەو دەستپێشخەریەدا ڕێگەچارە بۆ چارەسەر کردنی ئەو قەیرانەی وڵاتی تێکەوتووە خراوەتە ڕوو و باسی ئەوەش کراوە کە ئامانج لەو ڕاپەڕینە هێمنانەی خەڵک کە لە ٢٢ ی ڕەشەمەی پارەکەوە دەستی پێ کردووە، گەیشتنە بە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات کە لە ژێر سایەیدا هەموو پێکهاتەکانی سوورییە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی بە مافەکانیان بگەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا هێزە کوردییەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە وەڵامنەدانەوەی داخوازییەکانی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆ گۆڕانکاریی ئاشتیانەی دیموکراتیک و بەرپەرچدانەوە نارەزایەتیەکان بە توندوتیژی، قەیرانێکی قوڵ و مەترسیەکی جیدییشی لەسەر سوورییە دروست کردوە.

حیزبە کوردییەکانی سورییە کە خۆیان بە بەشێک لە بزووتنە نشتیمانی و دیموکراتیە گشتیەکانی وڵات داناوە، بۆیە ئەم دەستپێشخەریەیان کردوە، چونکێ پێیان وایە دیالۆگی نشتیمانی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە نیشتیمانیەکان چارەسەرێکی بنەڕەتییە بۆ دەرچوون لە قەیرانە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە و بۆ ئەو مەبەستەش گەڵالەیەکی ٨ خاڵییان داڕشتوە:

١- دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی و کوشتن لە ژێر هەر ناوێک بێ و دەبێ ڕێگە بە خۆپیشاندانە هێمنانەکان بدرێ و زمانی گفتوگۆی نیشتمانی لە نێوان بیرە جیاوازەکانی سیاسی و نیشتمانی و چینی ڕووناکبیردا بەکار بهێندرێ.

٢- پراکتیزەکردنی بڕیاری سەرۆکایەتیی کۆماری بۆ نەهێشتنی باری نائاسایی و حوکمی عورفی و پێویستە کە هەموو دادگایی کردنێک و یاسایەکی جیاکەرەوە هەڵبوەشێتەوە و هەموو بەندکراوێکی ڕای جیاواز و زیندانە سیاسیەکان ئازاد بکرێن.

٣- ڕێگە بە ڕەوتە سیاسیەکان و حزبەکان بدرێ کە نوێنەرایەتیی چینەکانی کۆمەڵگە دەکەن تا کاتی دەرچوونی یاسایەکی سەردەمیانەی تایبەت بە حزب چالاکی دیموکراتیکی خۆیان بە ئاشکرا بکەن.

٤-هەموو ئەو سیاسەتە پڕ لە هەڵاواردنە و کردەوە نهێنییانەی لە دژی گەلی کورد پیادە دەکرێ هەڵبوەشێتەوە و پەلە بکرێ لە پێدانەوەی ڕەگەزی سوری بەوانەی لێیان سەندراوەتەوە




و گرینگیدان بە ناوچە کوردنشینەکان بۆ نەهێشتنی پاشماوەی پشتگوێ خرانی مەبەستدار و یەکسانکردنی بە ناوچەکانی دیکە.

٥- بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتیمانی گشتگیر بێ ئەوەی هیچ لایەنێک کۆنترۆلی بکات، سەرەتای ئەرکەکەی ئەوە بێ کە بریار لەسەر دارشتنی پرۆژە دەستورێکی نوێ بدا، بەبێ ئەوەی ئیمتیاز بە لایەنێک بدا و دەبێ دان بە فرە نەتەوە و سیاسەت و زمان بنێ و لە لایەن خەڵکەوە دەنگی لەسەر بدرێ، بریار لە سەر یاسایەکی هەڵبژاردنی نێوخۆ بدرێ و و هەڵبژاردنێکیش بۆ کاری حیزبە سیاسیەکان بکرێ و ئازادی ڕۆژنامەنوسان دەستەبەر بکرێت.

٦- جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکان ، یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، ڕۆڵ و سەربەخۆی دادگا قایمتر بکرێ.

٧- چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد چارەسەرێکی دیموکراتیک و لە چوارچێوەی یەکێتی وڵات، لە دەستوریش وەکو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سەرەکی دانی پێدا بنرێ و هەموو مافێکی نەتەوەیی بۆ دابین بکرێ.

٨- پارێزگاری لێکردن و دابینکردنی مافی فەرهەنگیی کەمینە نەتەوە و ئایینەکانی وڵات.

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد*

## (لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دا)

کوێستان فتووحی

**پێشەکی**

کە باس لە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی کود دەکەین، چەندین پرسیار بەرەوڕوومان دەبێتەوە. پێناسەی ناسیونالیزم وبزووتنەوەی نەتەوەیی، مێژوو و دەسپێکی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەموویان دەتوانن جێگای پرسیار و باس بن و بێگومان بیروڕای جیاوازییش لە بارەی هەرکامێکیانەوە هەیە.

کاتێکیش دێینە سەر پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و پرسی ژن، کۆمەڵێک پرسیاری دیکە قوت دەبنەوە. مەبەستمان چیە؟ رەنگدانەوەی ویست و داخوازەکانی ژنان لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا؟ بایەخدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە باری فکری و تیۆرییەوە بە پرسی ژن، یان مەبەستمان لە رۆڵ و بەشداریی ژن لە بزووتنەوەکە دایە؟

لە بەرایی باسەکەمدا دەبێ روونی بکەمەوە کە لەم باسەدا مەبەستم لە ناسیۆنالیزمی کورد شکڵ گرتنی ئەو تێگەیشتن و عەقڵییەتە شوناسخوازانەیە کە دەیەوێ کورد وەک نەتەوەیەک خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێ و دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. چەمکی بزووتنەوەی نەتەوەییشم بۆ هەموو ئەو بزووتنەوانە بەکار هێناوە کە ویستی نەتەوەیی لە سەرووی ویستەکانی دیکەی بووە یا تێکەڵ بە ویستەکانی دیکەی بووە. لەم جۆرە بزووتنەوانەدا لە سەدەی بیستەم لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەبوون و هەر ئێستاش لە هەموو بەشەکانی کوردستان بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیە.

هەروەها دەبێ بڵێم کە باس لە پێوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ژنی کورد دەکرێ، پێویستە هەر دوو لای مەسەلەکە هەم بایەخدانی فکری و نەزەریی بزووتنەوە بە پرسی ژنان، هەم رۆڵ و بەشداریی ژن لە نێو بزووتنەوەکەدا دەبێ بخرێتە بەر سەرنج. هەروەها بایەخدان بە ژن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، پێویستە لە توێی ئەم باسەدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە. بەڵام چونکە ماوەکەم بۆ دەربڕینی ئەم باسە، کەمە بە ناچار باسێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی ژن لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا دەکەم.

**بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پرسی ژنان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا**

لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ەوە، واتە لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا کۆتایی سەدەی ٢٠، نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی نیشتمانەکەیدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی نەتەوەیی بە خۆیەوە دیتوون، وەک شۆرشی ئەیلوول و شۆرشی نوێ لە باشووری کوردستان، وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیک لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستاش بەردەوامە، هەروەها ئەو راپەرین و بەرخۆدانەی کە لە باکووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ٢٠ ەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە.

هەرکام لەو بزووتنەوە و حەرەکەتە نەتەوەییانە تایبەتمەندیی خۆیان و جیاوازیی خۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای رووخانی رێژیمی شایەتی، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی کوردی لە شێوەی دەوڵەت و حکوومەت دا پێک نەهات. بەڵام هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ناوچەیەکی بەرینیان بە دەوستەوە بوو. هەروەها لە باشووری کوردستانیش، بەر لەوەی راپەڕین لە سەرەتای دەیەی ٩٠دا دەست پێ بکا، بۆ ماوەیەک هێزە کوردییەکان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبوو. لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینییشدا ئەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول لە ئارادا بوو، بەشێکی گەورە لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا بوو. ئەمە لەو بارەوە گرنگە کە هێزە نەتەوەییەکانی کورد، لە مەیدانی کردەوەشدا تەعامول و روانینی خۆیان بەرامبەر بە ژنان دەرخستوە. بێجگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵات، مەحەکێکی دیکە هەیە بۆ ناسینی روانگە و هەڵوێست و کردەوەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر بە ژنان. ئەویش بەشداری و رۆڵ و دەوری ژن لە نێو پێکهاتەی ئەو حیزب و رێکخراوانەدایە.

من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیەک بە ٣ بوار بکەم:

١_ بواری فکری و تیۆری ( واتە ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی ئەم هێزانەو ئەدەبیاتیاندا)

٢_ بەرنامەو هەنگاوی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا

٣_ ژن لە ستراکتۆری ئەو هێزانەدا.

رەهەندی یەکەم:

**ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هێزە کوردییەکاندا:**

ئەگەرچی ئەم بەستێنە لێکۆڵینەوەی وردتری پێویستە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەرنامە و پەسندکراو و دروشمەکانیانداو هەروەها لە بڵاوکراوە و راگەیەنەکانیاندا، گرنگییان بە پرسی ژن داوە، باسی ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنانیان کردوە. دیارە جیاوازی هەیە لە بەینی ئەم حیزب و فڵان رێکخراو، یەک کەمتر یەک زیاتری کردوە. بەڵام هەڵاواردنی رەگەزی یا جنسی و ئەو نابەرابەری و چەوسانەوەیەی لە کۆمەڵدا بەرامبەر بە ژنان هەیە، لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکاندا رەنگدانەوەی هەیە و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان بە ئەرکی ئەو حیزبانە و بزووتنەوەی کورد دانراوە. دیارە ئەو حیزب و رێکخراوانەی بیر وباوەڕی سوسیالیستی و چەپ و پێشکەوتنخوازانەیان هەبووە، زیاتر باسی پرسی ژنانیان کردوە، بەم جۆرە لە بزووتنەوەکانی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دا دان بە پرسی ژندا نراوە. بەڵام ئەم دەنگە نابیسین کە نابێ رزگاریی ژن بە رزگاریی نەتەوە ببەستینەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو باوەڕە زاڵە کە دەبێ رزگاریی ژن هەڵ بگیرێ بۆ دوای رزگاریی گەل و نەتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە گەڵ تێپەڕینی زەمان، پرسی ژن لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا، پڕرەنگتر دەبێ. ساڵ بە ساڵ و کۆنگرە بە کۆنگرەو بە پێی گرنگیدان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهاندا، ئەم پرسە لە ئەدەبیات و گوتاری هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا تۆختر و دیارتر دەبێ و تەنانەت هێندێک حیزب، باس لە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن کە دەبێ ژنانی کوردیش لێیان بەهرەمەند بن.

ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پرسی ژنان، هەروەها پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتی و کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان کە زۆربەی هێزە کوردییەکان کردوویانە، بەر لەوەی لە خزمەت بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان و ئازادیی ژناندا بووبێ، بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای ئەو هێزانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بووە.

رەهەندی دووهەم:

**بەرنامەی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی کوردیدا:**

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە دەیەی ٦٠ەوە تا ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، شۆرش و بزووتنەوەی کورد، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەبووە. ( مەبەستم شۆڕشی ئەیلوولە کە لە چاو شۆڕشی نوێ ناوچەکەی بەرفرەوانتر بوو). چ بە هۆی ئەو بارودۆخەی شۆڕشەکەی تێدا بووە (شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی)، هەروەها بە سەرنجدان بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی پێوەندیی عەشیرەتی و بەگشتی سوننەتی بوونی کۆمەڵگە، لە باری یاساییەوە هەنگاوێکی جیددی یا بڕیارێکی گرنگ لە بەرژەوەندی ژنان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، بەدی ناکرێ. واتە شۆرشی کورد، گرنگیی بەو ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە نەداوە کە لە بن دەستی خۆی بەرامبەر بە ژنان هەیە. جا هۆیەکەی یا بیانووەکەی هەر شتێک بووبێ. هەر بۆیە گەورە بە بچووک، کچ بە زۆر بەشوودان ، ژن بەرخوێندان، ژن بە ژنە و جۆرەکانی دیکەی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، هەڵنەوەشێندرانەوە و دژایەتیی جیددیان لەگەڵ نەکراوە.

بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەیەوە بزووتنەوەی کورد باشتر جووڵاوەتەوە. هۆیەکەی دەکرێ چوونە پێشیزەمان بێت، چونکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران، بە چەند ساڵ دوای شۆرشی ئەیلوول هاتوە و لەوانەشە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی تێگەیشتنی گشتی لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ، جگە لەمەش دەکرێ جیاوازیی ئەو هێزانەی ئەو بزووتنەوەیان بەڕێوە بردوە، بووبێتە هۆی ئەوە هەڵوێست و روانین و هەڵسوکەوت بەرانبەر بە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ. ئەو خەڵکەی لە دوای شۆرشی ئێران، لە حیزبەکانی رۆژهەڵات (دیمۆکرات و کۆمەڵە) کۆبوونەوە و چوونە ریزی رێبەریی ئەم حیزبانە، لاو بوون. لە رێبەریی ئەو حیزبانەدا مامۆستای زانکۆ ومامۆستای قوتابخانە و کەسانی سەر بە چینی نێوەراست هەبوون. هەر بۆیە لە مەیدانی کردەوەدا دەبینین کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، دیاردەکان و دابونەریتی دژ بە ژنان، لە لایەن ئەو حیزبانەوە، تا رادەیەک دژایەتییان کرا. کۆمەڵێک بڕیار و یاسا دژ بە ژنبەژنە و گەورە بە بچووک، کچ مارە کردن لەسەر پشتی لانکە و بەشوودانی زۆرەملی هەبووە و کادیران و تێکۆشەرانی حیزبەکان، ئەم یاسا و بڕیارانەیان بەڕێوە بردوە.

بنکە و بارەگای ئەو حیزبانە و بەرپرسان و کاربەدەستانی هێزەکانی نێو بزووتنەوە، زۆرجار لە لایەن کچان و ژنانەوە بە خەمخۆر و پشتیوان سەیریان کراوە و لە بەرامبەر ستەمی کۆمەڵگەی پیاوسالار بە تایبەتی ستەم و نابەرابەریی نێو بنەماڵەدا، پەنایان بۆ بردوون.

دیارە بە هیچ جۆر مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد «شامی شەریف» بووە و ئیدی ژن لە سایەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەرییەک رزگاری بووە. دەمەوێ بڵێم ئەو هەوڵانە هەبوون و بەکردەوەش بەڕێوە چوون، بەڵام:

یەکەم: لەهەموو ناوچەیەک وەک یەک بەڕێوە نەچوون،

دووهەم: زۆر جار سەبارەت بە هێندێک بەرژەوەندیی رێکخراوەیی، بە هاسانی چاوپۆشی لەو گوشار و ستەم و چەوسانەوەیە کراوە کە بە دژی ژنان هەبووە.

سێهەم: هێزەکانی نێو بزووتنەوە لە حاڵی شەڕ وبەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی دا بوون و دەسەڵاتێکی سەقامگیریان نەبووە.

چوارەم: نەریت و رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان هەر بە بڕیار و یاسا، لە نێو ناچن بەڵکوو کاری درێژخایەنی فەرهەنگی و گۆڕینی هەلومەرجی ئابوورییشی دەوێ،

رەهەندی سێهەم:

**جێگەی ژن لە پێکهاتەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا**

یەکەم خاڵ کە دەبێ لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە هێزەکانی رێکخەر و بەڕێوەبەری بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر بەکەمی لە شارەکاندا ماونەوە و بە هۆی شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناچار بوون رووبکەنە گوندەکان و ناوچەی شاخاوی . ئەم راستییە لە دوو بارەوە لە سەر پێکهاتەی حیزبەکان و تەرکیبی هێزی ئینسانیی ئەوان کاریگەر بووە:

_ سەختی خەباتەکەیان و توندوتیژ بوونی خەباتەکەیان، مەیدانی لە ژنان تەنگ کردۆتەوە





> **ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پرسی ژنان، هەروەها پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتی و کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان کە زۆربەی هێزە کوردییەکان کردوویانە، بەر لەوەی لە خزمەت بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان و ئازادیی ژناندا بووبێ، بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای ئەو هێزانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بووە**

ل ١٠

# چاو لە تۆڵەی چاو دا

وەرگێڕان : موعتەسەم نوورانی

بە گوێرەی داواکاری یاسای شەرع، لایحەی قەساس (تۆڵە ئەستاندنەوە) چاوی کەسێک بە ئەسید کوێر بکرێ کە بە ئەسید چاوی کەسێکی دیکەی کوێر کردوە، بەرپرسانی قەزایی ئێران بۆ یەکەم جار ئامادە بوون کە بە ئەسید چاوی پیاوێک کوێر بکەن، دوای ئەوەی کە بۆیان دەرکەوتووە ئەو پیاوە تاوانبارە و چاوی ژنێکی بە ئەسید کوێر کردوە کە رازی نەبووە بەوەی کە مێردی پێ بکا.

پارێزەی ئامینە بەهرامی وتی: « مەجید موحەدی تەمەن ٣٠ ساڵە، نیوەڕۆی رۆژی شەممە لە نەخۆشخانەی قەزایی تاران بێ هۆش دەکرێ و لەو کاتەدا ئامینە بەهرامی کە قوربانیی دەستی ئەوە، بە هۆی ئەسید هەردووک چاوی کوێر دەکاتەوە».

ئامینە بەهرامی کە لە ساڵی ٢٠٠٤ کە لە شوێنی کارەکەی را دەگەڕایەوە ماڵێ، بە هۆی مەجید موحەد دولکەیەکی ئەسید بە دەموچاوی دا کرا کە بوو بە هۆی تێک چوونی روخساری و کوێر بوونی هەردوک چاوی، بە دادگای وت: « موحەد دولکەیەکی سوری بە دەستەوە بوو. چاوی لە چاوم کرد لە دوو چرکەدا ئەو ئەسیدەی کە لە دولکەکەدا بوو بە دەموچاویدا کردم».

بە پێی راپۆرتی رۆژنامەکانی ئێران « سەفەری وەکیلی خاتوو بەهرامی وتوویەتی : « دادگا بڕیارێکی باشی داوە، ئەو بڕیارە شایانی ئەو کردەوەیە کە موحد ئەنجامی داوە بەڵام باشتر وایە کە تاوانبار پێشتر چەند دڵۆپ ئەسیدی لە چاو بکرێ پاشان بێهۆشی بکەن»

دادگایەکی جینایی (تاوان) لە تاران لە نوامبری ٢٠٠٨، دوای ئەوە کە موحەد دانی بە تاوانی خۆی دا هێنا کە ئەسیدی بە دەموچاوی ئامینەدا کردوە. لە پەروەندەی ئەو کارەساتە جینایەتە بە سامەدا بڕیاری دا کە موحەد قەساسی لەسەر بەڕێوە بچێ. هەرچەند موحەد داوای کرد کە لە بری ئەو تاوانە گەورە جەریمە بدات بەڵام ئامینە هەر جۆرە جەریمەیەکی رەدکردەوەو وتی: من پارەی خوێنم ناوێ. بە دادگای وت: ئەو چی بەسەر من هێناوە وەک منی لێبکەن، ژیانی من چۆنە با ژیانی موحەدیش وای لێ بێ».



کاربەدەستانی رەسمیی ئێران پشتیوانیان لەو بڕیارەی دادگا کردوە بە هیوایە ئەو بڕیارە تا رادەیەک پێش بە رێژەی چوونە سەری ئەو هێرشانە بگرێ کە بە ئەسید پرژاندن ئەنجام دەدرێن. بەڵام چالاکانی مافی مرۆڤ ئەو بڕیارەی دادگا رەد دەکەنەوە پێیان بڕیارێکی توند و نامرۆڤانەیە.

وتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا وتی:» وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا داوای لە ئێران دەکا کە ئەو بڕیارەی دادگا سەبارەت بە کوێر کردنەوەی موحەد هەڵوەشێنێتەوە، راستە هێرش بردن بۆ سەر ئامینە و ئەسید پێ دا کردنی کارەساتێکی سامناکەو مەترسی دارە سەرەڕای ئەوەش سەبارەت بەو راپۆرتانە کە، دەبێ چاوی مەجید موحەدی بە ئەسید کوێر بکرێ ئێمە پڕ بە دڵ نیگەرانین».

وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا داوا لە کاربەدەستانی باڵای ئێران دەکا کە ئەو بڕیارە نامرۆڤییانە بگۆڕن بە بڕیارێکی شیاوو گونجاو و ئەورۆیی کە لەگەڵ بڕیارە نێونەتەوەیەکان لەسەر سزادانی مرۆڤ یەکتر بخوێنێتەوە.

میدیاکانی ئێران ئەو راپۆرتەیان بڵاو کردۆتەوە کە مەجید موحەد هەر دوو چاوی کوێر دەکرێن بەڵام خاتوو بەهرامی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیۆنی لە ساڵی ٢٠٠٩دا وتی:» لە ئێران دا پیاو دەبێ تەنیا چاوێکی کوێر بکرێ چونکە بە گوێرەی یاسای ئێران هەر پیاوێک بارتەقای دوو ژن ئەرزشی هەیە».

بە هۆی رۆژنامەی ئێی بی سی ئیسپانیایی لە خاتوو بەهرامی نەقڵ کراوە کە دەڵێ: « ئەو کەسەی کە ئەو کارەی ئەنجام داوە، شایانی ئەوە کە ئەو عەزاب و نارەحەتە روحییەی من دەیچێژم ئەویش تووشی بێ و ئەوە تەنیا رێگەیە کە دەردی من هەست پێ بکا. مەبەستم ئەوە نییە کە داوا لە دادگا بکەم تۆڵەی منی لێ بکاتەوە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە پیاوان لەوە دەرس وەرگرن و هیچ ژنێکی دیکە تووشی ئەو کارەساتە سامناکە نەبێ و ئەو بەڵایەی بەسەر نەیە. ئەو تاوانە سامناکە سەبارەت بە ژنان کۆتایی بێ. ئەوە وەک نموونە لەسەر ئەو کارەساتە باس کراوە».

ئامینە بەهرامی کە بڕوانامەی ئەلەکترۆنیکی هەیە و پێش ئەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر بێ لە کومپانیایەکی ئەندازیاریی پزیشکی دا کاری دەکرد، کە ئەو کارەساتەی بەسەر هات بە هاوکاری حکوومەتی ئێران رەوانەی ئیسپانیا کرا لەوێ زنجیرەیەک نەشتەرگەری بۆ کرا، بەداخەوە نەشتەرگەرییەکان سەرکەوتوو نەبوون هەرچەند لە ساڵی ٢٠٠٧ چاوی چەپی توانی ٥٠٪ ببینێ بەڵام بەداخەوە دووبارە بە هۆی ئیلتهابات و چڵک ئەوەش لە نێو چوو و چاوی بە تەواوی کوێر بوو.

خاتوو بەهرامی لەم دوایانەدا کتێبێکی بە زمانی ئاڵمانی بڵاو کردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی چاوێک لە بەرانبەر چاوێک دا، لەسەر بنەمای عەزابی روحی و نارەحەتییەکانی شەخسی خۆی لەو کاتەوە چاوەکانی کوێر کراون.

لەو چەند مانگەی دوایی دا، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باسی کارەساتەکانی ئێرانیان کردووە نیگەرانی خۆیان لەسەر ئەو وەزعیەتە دڵتەزێنەی ئێران دەربڕیوە و دەڵێن ئێران دوای چین دووهەمین وڵاتە کە ناعەداڵەتی و ئێعدامەکان تێیدا بەردەوامن.

سەرچاوە: www.gaardain.co.uk

---

درێژەی:

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد

## (لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دا)

و ئەکتەری سەرەکی و هەرە دیار پیاو بووە.

ـ چونکە ژینگەی بزووتنەوەکە، لادێ و ناوچەی شاخاوی بووە و، لادێش سوننەتی و داخراو و پیاوسالارترە لە شارەکان، بۆیە کۆسپی جۆراوجۆر لەبەردەم بزووتنەوە هەبووە بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی کادری ژن و سەرکردەی ژن. بەو حاڵەش ژنی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی هەبووە لە بزووتنەوە بە گشتی و لە کاروباری هێزەکانی نێو بزووتنەوەدا. با ئاماژە بە هێندێک بوار و ئاست بکەین کە ژنان تێیاندا بەشدار بوون:

**بەشداری لە هێزی پێشمەرگەدا**

لە باشووری کوردستان هەم لە شۆڕشی ئەیلوول دا، هەم لە شۆڕشی نوێدا، ژن وەک پێشمەرگە زۆر دەگمەن بووە، ژمارەیان زۆر کەم بووە، دەکرێ بڵێین بە ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رێژەی کچان و ژنان لە ریزی پێشمەرگەدا، لە چاو پیاوان کەم بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رێژەی ژنانی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبووە. دەتوانین بڵێین لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان پێشمەرگەی ژن هەبوون کە شانبەشانی پیاوانی پێشمەرگە لە هەموو چالاکییەکانی پێشمەرگایەتی دا بەشدار بوون.

لە باکووری کوردستانیش لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستاندا، زۆریی ودیاریی کچانی پێشمەرگە(گریلا) راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەم بارەیەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ریزی کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیشدا ژمارەی بەرچاو پێشمەرگە هەبوون، بەڵام کچانی پێشمەرگە لە ریزی کۆمەڵەدا، زۆر زیاتر بوون و پلە و بەرپرسایەتیی نیزامیشیان پێدراوە. لە نێو هەموو ئەو هێزانەدا، ژنانی پێشمەرگە نەک هەر لە کاری پشتی جبهە، لە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری دا حوزووریان هەبووە و لێیان شەهید بووە.

**بەشداریی لە رێکخستنەکاندا**

لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان بە هۆی ستەمی چەندقات کە لێیان دەکرێ( ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و رەگەزی) پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بەو هۆیەشەوە کە کاری رێکخستن بۆ ئەوان گونجاوتر بووە لە کاری پێشمەرگایەتی، لە رێکخست نە نهێنییەکاندا بەشدار بوون. لە لایەکی دیکەوە، بۆ هێندێک کار و ئەرک لە ژێر دەسەڵاتی دوژمندا، لە پیاوان گونجاوتر بوون، بۆیە هێزە سیاسییەکانیش، ئەم لایەنەیان لەبەرچاو بووە. هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن ، لە هێندێک بەشی کوردستانیش بە دەیان کەس لەو کچانە گوللەباران و لە سێدارە دراون. هۆی ئەم چوونە بەندیخانە و ئێعدامانە، کار لە چوارچێوەی رێکخستنی هێزە سیاسییەکان و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد بووە.

**کارو تێکۆشان لە چوارچێوەی دامەزراو و دەزگاکانی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا**

ئەگەر هەڵسووڕان لە چوارچێوەی نێو هێزی شەڕکەر و لە هەلومەرجی خەباتی پارتیزانی دا بۆ ژنان بەزەحمەت بووە، ژنان بە تێکۆشان لە دامەزراوە ودەزگاکانی دیکەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد قەرەبووی ئەو غەیبەتە نەخوازراوەیان کردۆتەوە. ئەوان لە نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکانی شۆڕش، لە دامەزراوە فەرهەنگی و فێرکارییەکان و لە راگەیەنەکانی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستاندا، هەم بە ژمارە و هەم بەو کار وئەرکانەی لە ئەستۆیان گرتوە، بەشداری و رۆڵێکی دیاریان هەبووە.

**حزووری ژن لە رێبەری و ئاستی بڕیارداندا**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا، نموونەکانی بەشداری و حزووری ژنان لە رێبەریی حیزبەکاندا زۆر کەم بووە. دەتوانین بڵێین ئەگەر یەک دوو ژنیش رێگایان کەوتبێتە نێو رێبەرایەتیی پارت یا رێکخراوێک، لایەنی سەمبولیک و رەمزیی هەبووە و، ئەم بەشدارییە هیچ گۆڕانێکی لە روانین و بڕیاری رێبەریی پیاوسالاری ئەو حیزب و رێکخراوانەدا پێک نەهێناوە. لە راستیدا گرنگیدان بە حوزووری ژنان لە نێو سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکاندا، هی ئەم ساڵانەی دواییە ، نەک هی سەدەی ٢٠. ئەگەرچی حوزووری ژنان لە رێبەریی حیزبەکاندا، ئێستاش هەر زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە جارن باشترە.

**سەرپەرستیی بنەماڵە لە غیابی مێرد دا:**

گرنگترین و هەر لەو کاتە دا دژوارترین جۆری بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا، سەرپەرەستیی بنەماڵە لە غەیابی مێرد دایە. ژن چ ئەو کاتەی مێردەکەی بۆتە پێشمەرگە و خەباتکار و چۆتە شاخ، یا پەرپەوەی وڵاتان بووە، یا کەوتۆتە زیندان، یا لە رەوتی خەبات دا گیانی لە دەست داوە، ئەرکی سەرپەرستیی بنەماڵە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی منداڵەکانی کەوتۆتە ئەستۆ. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی، زۆرترین کۆسپ و گرفتیان بۆ دروست کردووە. لە راستی دا پیاوانی خەباتکاری کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەم لایەنەوە زۆر قەرزداری ژنانن. بە بێ ئەو ئەرکە قورسەی ژنان لەم پێوەندییە دا گرتوویانەتە ئەستۆ، پیاوان نەیاندەتوانی بە خەیاڵی ئاسوودەوە، خەبات بکەن وتەنانەت بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرەومەرگ بچن.

ئەنجام:

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا، لە باری تیئۆری و فکرییەوەو، هەروەها لە پەسەندکراو وئەدەبیاتی خۆیدا، بایەخی بە ژن داوە و دانی بە پرسی ژندا ناوە، رێکخراوی تایبەت بە ژنانیشی پێک هێناوە. بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر بەکردەوە، کاری گەورە و گرنگی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، لە دەست نەهاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، زیاتر لە هەوڵی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای خۆی و بەشدارکردنیان لە خەباتی نەتەوەیی دا بووە.

ژنان جگە لەوەی بە کردەوە لە خەبات و تێکۆشانی هێزە کوردییەکاندا، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان بەشدار بوون، وەکوو بەشێکیش لە خەڵک، لە هاوکاریی جۆراوجۆر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی سیاسی کورد درێغیان نەکردوە و لە حەرەکەتە جەماوەرییەکانیشدا، دژی داگیرکەران، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون. بەڵام لە ئاستی رێبەریی و بڕیاردانی هێزەکوردییەکاندا، کەمترین جێگایان هەبووە،

کاتی ئەوە هاتوە ژنان لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەو پێگەی باشتر بۆخۆیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بن لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. بەڵام نابێ هەموو توانای خۆیان تەنیا بۆ خەباتی نەتەوەیی، ئەویش لە چوارچێوەی حیزبەکاندا سنووردار بکەن، بەڵکوو پێویستە سنوورە حیزبی و رێکخراوەییەکان ببەزێنن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی سیاسی و رێکخراوەیی، وەکوو ژن بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا، هاوکاری یەکتر بکەن.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبێ دەرکی ئەو راستییە بکەن کە ئەگەر بەرامبەر بە پرسی ژنان و ویست و مافەکانیان کەمترخەم بن، گەورەترین زیان بە خۆیان دەگەیەنن. چونکە خۆیان لە پشتیوانیی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بێبەش دەکەن . دەبێ نەک هەر دان بە پرسی ژن و رەوایی ماف و ئازادییەکانیان دا بنێن ، بەڵکوو پێویستە هێزی ژنان و پرسی ژنان و داواکانی ژنان لە مەسەلەکانی خۆیان هەڵناوێرن و نەیانخەنە پەراوێزی هیچ پرسێکی دیکە.

*** ئەم بابەتە لە یەکەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە رۆژەکانی ٢١ و ٢٢ی ئاوریل لە سلێمانی بەسترا، پێشکەش کراوە**

# کاتێ با لە گەڵ خۆیدا دەمانبا

## (دوایین نامەی فەرزاد کەمانگەر لە زیندان)

و:مەنسوور مروەتی

دەقی خــوارەوە یەکێک لە نامە بڵاونەکراوەکانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەرە کە لە بەرەبەری یەکەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی نادادوەرانەی، لە ئارشیوی کۆمەڵەی چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و لە لایەن هەواڵدەریی هراناوە بڵاو کرایەوە.

فەرزاد کەمانگەر لە سەرەتای نامەکەیدا دەنووسێ:

کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٣٨٦ لقی ٣٠ ی دادگای شۆڕشی تاران رایگەیاند کە پێڕاگەییشتن بە پەروەندەکەی من لە توانایاندا نیە و هەربۆیە بۆ سنە گوازرامەوە و نزیکەی دوو مانگ لەوێ مامەوە. بەرپرسی گرتووخانەکە کە پیاوێکی ٥٠ ساڵان بوو، نەخۆشیی دەروونی هەبوو و لە ئەزیەت و ئازاری زیندانیەکان چێژی دەبرد. زۆر جار بە بێ هیچ هۆیەک و بە یارمەتیی دوو نیگابانی دیکە دەستیان دەکرد بە لێدان و کوتانم. رۆژێک لە بەر لێدانی توند دەموچاوم شین و خوێناوی ببوو و فەک و ددانەکانیشم زەربەیان وێ کەوت. هەر ئەو شەوە دەنگی زەماوەندێکم لە نزیکی گرتووخانەکە دەبیست و ئەم بابەتە هی حاڵ و هەوای ئەو شەوەیە کە نەمر نادر محەمەدیش لە سلوولی پەنامەوە بوو.

,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

چەند رۆژێکی مابوۆە پاییز کە بە فڕۆکە بۆ سنە گوازراینەوە، دیتنی باخ و مەزراکان لەو سەرەوە بۆ من شتێکی تازە بوو. هیچکات لەو بانەوە سنەم نەدیبوو، ئەویش لە وەرزی پاییزدا. پاییزی کوردستان بەڕاستی جوانە، هەروەکوو بەهارەکەی و رەنگە جوانتریش. من خووم بە ژیان لەو تابلوە جوان و هەزار رەنگە گرتبوو بەڵام نە لەو سەرەوە.

مرۆڤ لە پاییزدا بە دیتنی ئەو هەموو دیمەنە جوانە سەری سوڕدەمێنێ بەڵام هەتا لە بان کێوی ئاویەرەوە چاوت لە سنە و دەوروبەری نەکردبێ و گوێت لە گۆرانیی عەباسی کەمەندی نەگرتبێ نازانی کە بۆچی ئاویەر تێکەڵ بە شێعر و سروود و ئەویندارییی سنەییەکان بووە.

دەبێ لە پاییزدا بووبیتە میوانی هەورامان و باخە رەزەکانی، ئەو کاتەی کە هەتاو خۆی لە باوەشی کێوە بەرزەکان نزیک دەکاتەوە تا « سایە رۆشنێک» لە دار هەنارەکانی بدەن و جوانترین تابلوەکانی بخاتە بەرچاو...

ئەسپی خەیاڵ لە نێوان دیوارەکانی گرتووخانەوە بەرەو دووردەستەکانی بردبووم. دەمزانی کە بۆ فەرامۆش کردنی ئێش دەبێ پەنا بۆ بیرەوەریە خۆشەکان بەرێ، بەڵام هەموو گیانم دوای شکەنجەیەکی زۆر ئازاری دەدام، شکەنجەیەک کە بە تاوانی نەکردە لە هەموو شوێنێکدا دەستی لێ هەڵنەدەگرتم.

یەکێک لەو سێ نیگابانەی کە شکەنجەی کردبووم ئارام و بە ئەسپایی لە دەلاقەی سلوولەکەوە چاوی لێ دەکردم کە بزانێ دەجووڵێمەوە یا نە.

چاوانی نامەحرەمی موزاحمی بیرەوەریە شیرینەکانم بوو، لە رووی ناچارییەوە جووڵامەوە تا دڵنیا بێ و موزاحمی تەنیاییم نەبێ. ( گرتووخانەی ئیتلاعاتی سنە لە ناوەڕاستی شاردایە و لە نزیک



گرتووخانەوە دەنگی زەماوەند دەهات.)

شەو دەنگی گۆرانی گەڕیان دەهات. گۆرانیەک لە کاک نەجمە کە باسی گەڕەکەکانی سنە دەکات، گۆرانییەک کە سنەییەکان بۆ هەڵپەڕکێ حەزیان لێیە و لە هەموو زەماوەنەکاندا دەیخوێنن. لە خەیاڵمدا کەنیشکە جوانەکانی سنە و کوڕە لە خۆباییەکانیم دەدی کە دەست لە دەستی یەکتر خەریکی هەڵپەڕکێن.

گۆرانیی گەڕیان گۆرانییەکە کە بینەر و بیسەر دێنێتە هەڵپەڕکێ و حەز دەکا کە چۆپی بکێشێ.

جووڵەیەکم کرد، ئازاری دەموچاو و ددانە شکاوەکانم زیاتر ببوون بەڵام دڵم نەدەهات ئەو دیمەنەی کە هێنابوومە پێش چاوی خۆم بە جێ بهێڵم، دیسانەکە هەر بەو ئێشەوە چاوم بەستەوە. دیوارەکانیش بە دەور سەرما دەسووڕانەوە دەتگوت ئەوانیش خەریکی هەڵپەڕکێن.

ترپەی دڵی خۆم و ریتمی موزیکەکەم دەبیست و هەوڵم دەدا لەو کاتەدا کە پێم وابوو گرووپی هەڵپەڕکێ لاقیان لە عەرز دادەنێن خۆمیان لە گەڵ هاوئاهەنگ بکەم. حەزم دەکرد هەستم و لە گەڵیاندا هەڵپەڕم و لە گەڵ پێکەنینی ئەواندا منیش پێبکەنم. وەها چووبوومە نێو ئەو حاڵەوە دەتکوت زاوا هەرخۆمم، چما زەماوەندی منە. چما هەموو لە دەور منا هەڵدەپەڕن کە لە ناکاو تامی ئەو خوێنەی کە قووتم دابوو خەیاڵەکەی لێ شێواندم...

گەڕیان گەیشتبووە چەپی، هەڵپەڕکیی تایبەتی ناوچەی هەورامان. لە جێگەکەمدا بەرەو ئەوێ خلۆر بوومە و دیسان چاوەکانم لە سەر یەک دانا. شەکەتی و ئێشی لەشم ئازاری دەدام بەڵام لە گەڵ دەنگی گۆرانی و زەماوەندی هاوسای زیندان گەیشتبوومە هەورامان و ببوومە میوانی ئەو خەڵکە. دەنگی شایی و هەڵپەڕکیی ئەو دراوسێیانە گەیشتبوە ئەو پەڕی خۆی. لە خەیاڵمدا چۆپیەکە بە دەستی منەوە بوو، کارێک کە لە هیچ زەماوەندێکدا نەمکردبوو. هەڵدەپەڕیم و بە دەور خۆما دەسووڕامەوە و هاوارم دەکرد:

شاباش، شاباش بۆ هەموو ئەو دایکانەی کە داخی دیتنی رۆڵەکانیان لە سەر دڵیان ماوەتەوە.

شاباش، شاباش بۆ هەموو ئەو کەنیشک و کوڕانەی ئەوینداری وڵات کە ئیتر لە نێوماندا نین.

شاباش، شاباش بۆ بووکی ئازادی ئەو کاتەی کە بۆ وڵاتەکەم دەگەڕێتەوە و زەوین لە ژێر پای ئەو و ئەو لاوانەی کە لە گەڵیان، دەلەرێتەوە.

لە خەو یا وشیاری یا بێهووشی، مەستی میوانی و زەماوەندی دەرەوەی گرتووخانە بووم و ژەنیارەکەش بێ خەبەر لە دڵی من زەماوەندەکەی گەیاندبووە ئەو پەڕی خۆی.

نازانم چەندەی پێ چوو بوو بەڵام لەرینەوەکانی ئەو ماشینەی کە بۆ نەخۆشخانەی دەبردم وە هۆشی هێنامەوە، وادیارە چەندین کاتژمێرە بێهۆش بووم. کاتێ کە خۆم لە ئاوێنەی شۆفێرەکەدا دی لە خۆم و زەماوەندەکەی دوێشەو بزەیەکم هاتێ و بە دەستە کەلەبچە لێدراوەکانم دەستێکم بە دەموچاوە هەڵماسیو و رەش و شینەکەمدا هێنا و کوتم «رواڵەتت بۆ زەماوەند نابێ». لە ژێر روانینی قورسی ئەو نیگابانانەی کە لای راست و چەپ و بەردەمیان گرتبووم بزەکەم شاردەوە کە نەکا ئازاریان بدا.

دوای دەرمان کردن لە چەند شەقامێکی سنە تێپەڕیین و بۆ گرتووخانەیان هێنامەوە، کە گەڕامەوە سلوولەکەم، دوانیوەڕۆی شەممە بوو، زەماوەنەکە تەواو ببوو. راکشابووم، شەو دەنگی ئارامی کیژۆڵەیەک کە سلوولەکەی لە پشت سلوولەکەی منەوە بوو سەرنجی راکێشام، بە ئارامی گۆرانیەکی فلکلۆری کوردیی دەخوێند:

ئەز کچم کچی کوردانم
ریحانی دەستی لاوانم...
....

بە بیستنی دەنگی جوانی ئەو کچە زیندانیە کە ناوەکەشم نەدەزانی دام لە پرمەی گریان.

لە دڵی خۆمدا کوتم ئەرێ خودایە ئەم کچە پاک و بێتاوانە غەرقی بیر و خەیاڵاتی خۆی لە کوێی ئەم وڵاتە برینداره خەریکی پەرستاریی برینی هاونیشتمانەکانیەتی یا بەو گۆرانیە پاکە کێ رەوانە دەکا. خۆم دایە دەستی گۆرانیی جوانی کیژی زیندانی و شنە بایەک کە لە دەلاقەی سلوولەکەمەوە دەهات ، دیسان چاوەکانم لێک نا و چاوەڕێی دەنگی درگا کە کەی دیسانەکە دێنە سەر وەختمەوە...

فەرزاد کەمانگەر
خاکەلێوەی ١٣٨٩
زیندانی ئێوین.

— — — — — — — — — — —

# پرواز را به خاطر بسپار ، پرنده مردنی است

تاهیر قاسمی

لە ناو هەر نەتەوەیەک دا دەگمەنن ئەوانەی کەم دەژین بەڵام خەرمانێک لە هونەر بۆ نەتەوەکەیان جێ دێڵن. کەمن ئەوانەی کە سەرەڕای تەمەنی کەمی هونەرییان رۆڵی بەرچاو لە گەشەسەندن و برەودان بە هونەر و ئەدەبی نەتەوەکەیان دەگێڕن. هونەرمەندی دەنگخۆش حەمید حەمیدی یەکێک لەو هونەرمەندە دەگمەنانە بوو.

حەمید حەمیدی کوڕی سەید حەمید، لە سەرەتای مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی لە گەڕەکی جەوراوای شاری سنە چاوی بە ژیان هەڵێنا. تەمەنی ٧ ساڵ بوو کە وەبەر خوێندنیان نا. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندن، ناردرایە لای ماموستای ئاینی و هێشتا هەر لە تەمەنی خوێندنی سەرەتایی دا بوو کە قورئانی خەتم کرد. لە قوتابخانەش توانی پۆلەکانی خوێندن یەک لەدوای یەک بە سەرکەوتنەوە ببڕێ و دیپلۆمی لە شاری سنە وەرگرت.

حەمید هەر لە منداڵیەوە ئۆگری وەرزش بوو. ئەو وێڕای خوێندن لە قوتابخانە چالاکی خۆی لە بواری وەرزشیش دا لە بەشی فوتباڵ و بە تایبەت راکردن دەست پێ کرد. ئەو وەک مێرمنداڵێک لە یاریی فوتباڵ دا توانی لە گەڵ هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی لە ئاستی قوتابخانەکان دا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ. دواتر لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی وەک لاوێکی تازە پێگەیشتوو رووی کردە یاریی راکردن و لەو بوارەش دا زۆر زوو توانی خۆی نیشان بدا و پلەی بەرز بۆ خۆی و بۆ شارەکەی تۆمار بکا. حەمید پلەی یەکەمی لە ئاستی هەموو ئێران دا بۆخۆی دەستەبەر کرد و سەرجەم ١٠ جار پلەی یەکەمی لە ئاستی پارێزگای سنە بۆ خۆی دەستبەر کرد. حەمید جگە لەم سەرکەوتنانە ، لە بواری دەرچوونی ١٥٠٠ میتر (دو ١٥٠٠متر سرعت) توانی ریکۆردێکی تازە بۆ پارێزگای سنە تۆمار بکات و خە لاتی تایبەت وەربگرێ.

ئەو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانە ئەگەرچی ئاواتی هەر لاو و تازە لاوێکن، بەڵام هیچیان هۆکاری سەرەکیی ئەوە نەبوون کە ناو و ناوبانگی حەمید لە گەڕەک و شارەکەی خۆی زۆر زیاتر تێپەڕ بکا و بەشی زۆری کوردستان بگرێتەوە.

حەمید ساڵی ١٣٧٢ بە دوای وەرگرتنی دیپلۆم، رەوانەی سەربازی کرا. دوای تەواوکردنی ماوەی سەربازی لە ساڵی ١٣٧٤ گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی لە شاری سنە و هەر ئەو ساڵەش ژیانی هاوبەشی پێکهێنا کە بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە کوڕێکی چاوگەش بە ناوی ماردینە.

هونەرمەند حەمید حەمیدی کە تا ئەو کاتە زۆر جار بە دەنگە خۆشەکەی کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانی گەرم دەکرد، ساڵی ١٣٧٥ رووی کردە دنیای هونەر و موزیکی کوردیەوە و لەم بوارەش دا قۆڵی بۆ خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی هەڵماڵی. ئەو کە گۆرانیی بۆ دڵی خۆی دەگوت و دڵیشی لەگەڵ نەتەوەکەی بوو، زۆر زوو ناوبانگی بە شاری سنەدا بڵاو بۆوە و یەکەم کۆنسێرتی لە سەرماوەزی هەمان ساڵ لە سینەما بەهمەنی سنە بەڕێوە برد. سۆزی تایبەتیی دەنگی خۆشی حەمید بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکی شارەکە بە گەرمی پێشوازی لە یەکەم هەنگاوی هونەریی ئەو هونەرمەندە لاوە بکەن. لە ساڵەکانی دواتریش دا چەندین کۆنسێرتی لە شارەکانی تاران، شیراز، ئیلام، مەریوان، لورستان و چەندین شاری دیکە بەڕێوە برد کە لە هەمووان دا لەگەڵ پێشوازیی گەرم و گوڕی خەڵکی هونەردۆستی کوردستان بەرەوڕوو بوو.

حەمید یەکەمین ئالبۆمی بە ناوی ئەرمەنی لە ساڵی ١٣٧٨ بڵاو کردەوە. ئەو ئالبۆمە بە گشتی و گۆرانیی بە ناوبانگی ئەرمەنی لە شێعری بە ناوبانگی شاعیری کورد «عەلی ئەشرەف نەوبەتی» ناسراو بە «پەرتەو کرماشانی» هۆکارێک بوو تا ناوی هونەریی حەمید حەمیدی سنوورەکانی شاری سنە و شارەکانی دەوروبەری ببەزێنێ.

ئەو گۆرانیە و گۆرانیەکانی دواتری حەمید لە ناو کوردانی دەڤەری کرماشان و ئیلام جێگای تایبەتی و شیاوی خۆیان کردەوە و بە هەزاران کەس لە ئۆگرانی هونەر لە شار و ناوچەکانی ئیلام و کرماشان بوون بە ئۆگری گۆرانی و دەنگی



حەمید. بە جۆرێک کە حەمید لەو ساڵانەدا کە لە گەڵ ماردینی کوڕی بە تەنیا مابوونەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ باوەشی گەرمی ئەو شارە خۆشەویستە بە تایبەت گەڕەکی جەوانشێر بوو کە ئارامی و ئۆقرەی پێ دا.

حەمید لە ساڵی ١٣٨٠ ئالبۆمی «تازە یار»ی بڵاو کردەوە. لە ساڵی ١٣٨٢ سێهەمین ئالبۆمی بە ناوی «ماردین» هاتە بازارەوە و بە ماوەیەکی کەم بەر لەوەی بە یەکجاری ماڵاوایی لە گەل و نەتەوەکەی بکا، لە ساڵی ١٣٨٤ ئالبۆمی بە ناوبانگی «سەفەر»ی بڵاو کردەوە.

حەمید وێڕای توانایی و دەسەڵاتی بە سەر گۆرانیی نەتەوەکەی دا، وێڕای دەنگی خۆش و سۆزی ناو گۆرانیەکانی کە لە دڵیەوە دەهات و لە دڵان دەنیشت، هەست و توانایێکی تایبەتیشی وەک ئەکتەری (بازیگری) هەبوو. ئەو کە زۆربەی کاتی حەسانەوەی بە خویندن و موتاڵا پڕ دەکردەوە، بەشی زۆری فیلمنامەی ناو کلیپی گۆرانیەکانی بۆخۆی دەنووسی کە لە ناویاندا دەکرێ ئاماژە بە گۆرانی (لەیلاج) لە ئالبۆنی (سەفەر) بکەین کە توانی لە سەر بینەران و گوێگرانی خۆی زیاتر لە پێشوو شوێندانەر بێ.

ئالبۆمی سەفەر دوایین ئالبۆمی گۆرانیەکانی حەمید حەمیدی بوو. چوار مانگ بەر لەوەی ماڵاوایی یەکجاری لە گەل و نەتەوەکەی بکا، ئالبۆمی سەفەر هاتە بازارەوە. حەمید تازە سی ساڵی پڕ کردبۆوە کە بە گۆرانیی سەفەر دڵی ئۆگرانی هونەر و عاشقانی دەنگی خۆی داخورپاند.

بەڵام هیچکەس چاوەڕوان نەبوو کە ئەو لەو تەمەنەدا و لە کاتێک دا کە هێشتا لە بەهاری تەمەنیی هونەریی خۆی دا بوو، ماڵاوایی بکا. بەڵام بە داخەوە پێشبینیی حەمید و دڵنیگەرانیی ئۆگرانیی وەڕاست گەڕا و ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە لە ١٧ی رەزبەری ساڵی ١٣٨٤ لە تەمەنی سی ساڵی دا لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی بەهەشتی محەممەدی ئەو شارە بە خاک سپێردرا. بۆ ناشتنی تەرمی حەمید بە هەزاران کەس لە ئیلام و کرماشان و شار و ناوچەکانی تری کوردستانەوە خۆیان گەیاندە شاری سنە تا لە خەم و پەژارەی خەڵکی ئەو شارە بۆ لە دەستدانی حەمید بەشدار بن و دوا ماڵاوایی یەکجاری لەو هونەرمەندە خۆشەویستەی نەتەوەکەیان بکەن.

حەمید لەو هونەرمەندانە بوو کە دڵی بۆ نەتەوەکەی و بۆ ئازادیی نیشتمانەکەی لێی دەدا و خاوەن هەستێکی بەرزی ئینسانی و نیشتمانپەروەری بوو. زۆر جار دەیگوت: ڕاستە کوردەکان لە کوردستاندا تەنیان و بەردەوام سەرکوت دەکرێن، بەڵام ئێمەی کورد دەبێ یەکگرتوو بین و هاوکات هەموو نەتەوەکانی تر بە برای خۆمان بزانین. لوڕ لە لوڕستان و تورک لە ئازەربایجان و ... هەرهەموو برامانن. فارسەکانیش خاوەن هەست و ئیحساسی جوانن و دەبێت بکۆشین تا هەرچەشنە دژایەتی و نابەرانبەریەک لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و تەنانەت جیهاندا نەمێنێت و هەر هەموومان بە برایی و ئاشتی پێکەوە بژین.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 559 21 May 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization:H - SR: 27500 - FEC:5/6
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## بە بۆنەی ڕۆژی دایک، دایکێکی کورد لە لایەن سەرکۆماری فینلاندەوە خەڵات کرا

بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی دایکان، ٣٧ کەس لە دایکانی فینلاند لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەوە ڕێزیان لێ گیرا کە لە ناویان دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دایکێکی کورد بەرچاو دەکەوت. لە ساڵی ١٩٣٧وە تا ئێستا بەردەوام ساڵانە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە دایکانی نموونە و سەرکەوتوو لە بارهێنانی منداڵەکانیان و پێکهێنانی کانوونی گەرمی بنەماڵە بە ناوی «خەڵاتی زێرینی پلە یەکی سوارچاکانی ڕۆزی سپی» بەڕێوە دەچێ کە تێیدا سەرۆک کۆمار میداڵی زێر لە بەرۆکی دایکانی نموونەی وڵاتەکەی دەدا.



ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە دایکانی نموونە لە لایەن خاتوو تاریا هالۆنێن سەرۆک کۆماری فینلاند و لە کۆشکی سەرکۆماریی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو کە تێیدا بۆ یەکەم جار دایکێکی کورد بە ناوی پەروەر نەقی زادە (پەری) خەڵکی شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزی دایکانی هەڵبژاردەی فینلاند و وەک نموونەیەک لە دایکانی سەرکەوتوو خەڵات کرا.

## خوێندکارێکی کورد پلەی سێیەمی بیرکاری «ریاضی» لە ئاستی جیهان دا وەدەست دێنێ



لە ئاکامی کێبەرکێیەکی زانکۆی ستانفۆردی ئەمریکا لە کالیفۆرنیا لە نێوان ٢٢٠٠ گرووپی خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی دا، خوێندکاری کورد بە ناوی هەڵوێست ناسیح مەلا حەسەن کە لە مالمۆ و لە باشووری سۆئێد دەژی، توانیویەتی لەگەڵ دوو خوێندکاری دیکەی گرووپەکەی خەڵاتی پلەی سێیەمی بەشی ریازی لە هەموو جیهاندا وەدەست بێنێ.

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەڕی بەیانی بەشی زۆری ڕاگەیەنەکانی وڵاتی سۆئێد بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتنی ئەم خوێندکارەیان لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا بڵاو کردۆتەوە.

شایانی باسە کە کۆمەڵەی کوردی مالمۆ وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە سەرکەوتنی ئەم خوێندکارە کوردە پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە هەڵوێست ناسیح کردو هیوایان خواستوە کە لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات لە بوارە جیاجیاکاندا نموونەی ئەم سەرکەوتنانە بن.

## سەرکەوتنی سینەماکارانی کورد لە فیستیڤاڵی قەزوین



سێ سینەماکاری کورد لە یازدەیەمین گەڕی فیستیڤاڵی ناوچەیی فیلمی «ئەلەموت» ی شاری قەزوین، چەندین خەڵاتی گرینگیان بردۆتەوە.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر کورتە فیلمی « چیرۆکی بێدەنگیی تاڵاوەکان» لە دەرهێنانی فاتمە دەستمەرد، لە بەشی «فیلمی ئەزموونی و ئەنیمەیشێن»ی یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی ناوچەیی فیلمی «ئەلەموت»، لە هۆڵی سینەما بەهمەنی شاری قەزوین پیشان دراوە و لە لایەن ئەندامانی لێژنەی نێوبژیوانەوە تەندیسی فیستیڤاڵی پێ دراوە.

ئەفشین عامریان، بۆ نووسینی سیناریۆی کورتە فیلمی «شیشەهای بخار گرفتە» دیپلۆمی ئیفتخاریی باشترین سیناریۆی فیستیڤاڵی ناوچەیی فیلمی «ئەلەموت»ی وەدەست هێناوە.

هەروەها ئارش رەسافی، بۆ وێنەگرتنی کورتە فیلمی «ئەو شووشانەی هەڵمیان لێ نیشتووە» تەندیسی فیستیڤاڵ و خەڵاتی ٥٠٠ هەزار تمەنی بەشی باشترین وێنەگرتنی ئەم فیستیڤاڵەی پێ دراە.

یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی ناوچەیی فیلمی «ئەلەموت» بە بەشداریی ١٠٠ سینەماکار، وێنەگری فۆتۆگراف، فیلمنامەنووس و دیزاینەری پۆستەر لە پارێزگاکانی ئیلام، لوڕستان، تاران، قەزوین، ئەلبورز، سیمنان، سنە، مازندەران، قوم و خووزستان لە ڕۆژانی سێشەممە تا پێنجشەممە، ٢٣ ی بانەمەڕ لە هۆڵی سینەما بەهمەنی شاری قەزوین بەڕێوە چووە

## بەڕێوەچوونی پیشانگای پەیکەری دارینی « دیار» لە بۆکان



پیشانگای پەیکەرە دارینەکانی وەستا عوسمان ڕەحمانزادە موقەدەم لە سەرەتای بانەمەڕی ئەمساڵەوە لە بۆکان کرایەوە. لەم پیشانگایەی وەستا ڕەحمان دا داب و نەریتەکانی خەڵکی لادێ و سروشتی کاری گوند و کشتوکاڵی خەڵکی وەرزێر خراوەتە ڕوو.

لەم پیشانگایەدا شێوەی ژیانی خەڵکی لادێ، کەرەستەکانی کار و ژیان، ڕێوڕەسمەکانی چاندن و خەرمان هەڵگرتن، یارییەکان، زەماوەند وهەڵپەڕکێ، ماڵی دێهات و پەندی پێشێنیانی خەڵک لەو بابەتانەن کە کاک ڕەحمان بە شێوەی پەیکەری دارین خراوەتە ڕوو.

وەستا ڕەحمان کە ٢٥ ساڵە لەو بوارەدا کار دەکا، بۆ خۆی لە ئاوایی ناچیت لە ناوچەی بۆکان دەژی و هەتا ئێستا چەندین پیشانگای جۆراوجۆری لە شارەکانی ئێراندا بەڕێوە بردوە.

لە پەنای ئەم پیشانگایەشدا پیشانگایەکی دیکەش لە لایەن وەستا ڕەحمانەوە لە سەر کارەساتی هەڵەبجە کراوەتەوە.

## بەشداریی گرووپی هونەریی چریکە لە فیستیڤاڵی ناوچەیی موزیکی ئێران



گرووپی موزیکی «چریکە»ی کرماشان، لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێران کۆمەلێک گۆرانی و مەقامی کوردی ناوچەی کرماشانیان پێشکەش کرد.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری تاران، شەوی شەممە ٢٤ ی بانەمەڕ گرووپی موزیکی «چریکە»ی کرماشان بە ئاوازدانەری موزیکزانی ناوداری کرماشانی عەلی ئەکبەر مورادی و بە سەرپەرەستی سەلمان حوسێنی و بە دەنگی سەید سیاوەش یادگاری بەشدارییان لە حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی موزیکی ناوچەیی ئێراندا کردوە و بە ئامێری تەنبوور کۆمەڵێک گۆرانی و پارچە موزیک و مەقامی ڕەسەنی کوردی ناوچەی کرماشانیان لە تەلاری وەحدەتی تاران پێشکەش کردوە و لە لایەن بەشدارانەوە بە گەرمی پیشوازییان لێ کراوە.

شایانی باسە کە سەلمان حوسێنی ساڵی ١٣٧٨ ی هەتاوی گرووپی موزیکی «چریکە»ی لە شاری کرماشان دامەزراندوە و تاکوو ئێستا لە فیستیڤاڵەکانی نێوخۆی ئێران کۆنسێرتی گۆرانی، پارچە موزیک و مەقامی ڕەسەنی کوردی ناوچەی کرماشانیان بەڕێوە بردوە کە بەشێکیان بریتین لە: فیستیڤاڵی تەنبوور ژەنانی دالاهۆی کرماشان و بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە ساڵی ٨٧ ، فیستیڤاڵی موزیکی قوتابیانی ئێران، کۆنسێرتی موزیکی عیرفانی لە تەلاری ئەندێشەی تاران، کۆنسێرت لە فەرهەنگسەرای ئەرەسبارانی تاران و کۆنسێرت لە تەلاری میلادی تاران.

## چاپکراوی نوێ

### خەرمان بەرەکەت

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی بە وەرگێڕانی زنجیرە کتێبێکی مێژوویی هەنگاوێکی باشی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی کوردی ناوە.

ئەو زنجیرە کتێبە کە ٤٥ کتێبی مێژوویی لە خۆی گرتوە، مێژووی دنیای کەونار، سەدەکانی نێوەڕاست و شۆڕشە گرینگەکانی دنیا بە ڕوویەکی دیکەدا خوێندۆتەوە و چۆتە نێو وردەکاریی ئەو ڕووداوانەی مێژووی جیهانیان نوسیوەتەوە.

عەلی بداغی، سمایل شەڕەفی و ڕەسووڵ سوڵتانی، سێ کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سێ کەس لە وەرگێڕەکانی ئەو زنجیرە کتێبە مێژوویيە بوون کە بە وەرگێڕانی کتێبەکانی سەدەکانی بەرایی ناوەڕاست، ئیمپراتورییەتی ئینکا و ئیمپراتورییەتی بیزەنتی بەشیان بەو پڕۆژەیەی دەزگای موکریانییەوە بووە.



بەر لە ماڵاوایی

## کۆنگرەی پازدەیەم، کۆنگرەی خۆئامادە کردن

**قادر وریا**

کاروبارەکانی پێوەندیدار بە پێکهێنانی کۆنگرەی پازدەیەم کۆتاییيان پێهاتوە. کۆنفرانسەکانی کۆنگرە، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، سەرکەوتووانە بەڕێوەچوون و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ئوروپا، ئەمریکا، ئوستراليا و هەرێمی کوردستان، هەروەها کادرەکان و پێشمەرگەکان، نوێنەرانی خۆیان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی پازدەیەمدا هەڵبژاردوە.

لە کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی پازدەیەم و هەروەها کۆبوونەوەکانی باسی ئازاددا کە لەبارەی ئەم کۆنگرەیەوە پێک هاتوون، هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی سیاسیی حیزب، کارنامەی تێکۆشانی نێوان دوو کۆنگرە و کۆمەڵێک پرسی گرنگی نێوخۆیی، یا پێوەندیدار بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتوونەتە بەرباس. راپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندییش کە بە پەسندی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی گەیشتوە، بۆ باس لە کۆنگرەی پازدەیەم دا ئامادەیە.

بەم جۆرەی لە باسە نێوخۆیییەکانی حیزب و لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم را دەردەکەوێ، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی پازدەیەم دا، خۆی بۆ دەورەیەکی نوێ لە تێکۆشان یا تێکۆشان لە هەلومەرجێکی نویدا ئامادە دەکا.

ئەزموونی تێکۆشان لە نێوان کۆنگرەکانی چاردە و پازدەدا و، فراوانتر بوونەوەی پێگەی سیاسیی ئەو حیزبە لە ئاکامی گوتاری نوێ و ئەمڕۆیی و کۆمەڵێک هەڵوێستی ئازایانەدا، هەروەها بەدیکردنی توانای جۆراوجۆر لە خۆی دا، هاندەری حیزبی دێموکراتی کوردستانن بۆ ئەوەی بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و گەشە کردنی خەباتی ئازادیخوازی دژی کۆماری ئیسلامی و دڵگەرم و هیوادار بە گۆڕانەکانی ناوچە، کۆنگرەی پازدەیەم بۆ خۆ سازدان و خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو تەرخان بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی پازدەیەم دا، ئەزموونەکانی خۆی لە پیادە کردنی پرەنسیب و پرۆژەکانی کۆنگرەی چاردەیەم دا تاوتوێ دەکا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە بەرچاوروونییەکی زیاترەوە، درێژەیان بدا و نەهادینەیان بکا. لاوازی و کەم و کورتییەکانی خۆی لە بوارەکانی تەشکیلاتی، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسی، فێر کردن و هتد دا دەداتە بەر ڕەخنە و ڕێکاری گونجاو بە مەبەستی باشتر کردنیان پەسند دەکا. خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لە سەر خەباتی جەماوەری و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆڵی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دیموکرات لەو خەباتە دا دەبێ بۆ ئەوەی لە تێکۆشانی لەمەودوای خۆی دا، گرنگی بەم خەباتە بدا و ئیمکاناتی خۆی بۆ پەرەپێدانی ئەو جۆرە خەباتە تەرخان بکا. سیاسەتی جیهانی،گۆڕانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست،پرسی کورد لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان، بارو دۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لیک دەداتەوە تا لە بەر ڕووناکیی ئەو لێکدانەوەیە، ڕێبازی سیاسی داهاتووی حیزب و گرینگترین ئەرکەکانی ڕێبەریی داهاتوو لە مەیدانی سیاسی و دیپلۆماسی دا دیاری بکا. پێوەندییە کوردستانی و ئێرانی و نێونەتەوەییەکانی خۆی هەڵدەسەنگێنێ بۆ ئەوەی لە دەورەی داهاتوودا بەرینتر و بە هێزتریان بکا. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ هەڵدەبژێرێ و ئەو ئەرکە گرنگانەیان دەخاتە سەرشان کە جێبەجێکردنیان، کاریگەریی لە سەر دەور و ڕۆڵی کاریگەرتری ئەم حیزبە لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دا دەبێت. هەمووی ئەوانەش بەو نیازە و بەو ئاراستەیەدا دەباتە پێش کە تێکۆشان و خەباتی حیزب لە هەلومەرجی نوێ دا، وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان بێ. ئەم چاوەڕوانییانەش لە جێی خۆیان دان. چونکە لە لایەکەوە، خەڵکی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حیزبی خۆشەویستی خۆیان دەزانن و لە گەل ڕۆڵی دیار و بەرپرسانەی ئەم حیزبە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان و زەرفییەتی سیاسی و نفووز و تواناکانی حیزبی ئیمە لە مەیدانی جۆراوجۆردا ئاشنان، هەر بۆیە لیی دەخوازن ، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەوان دابێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی کوردستان و ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆمەڵێک گۆڕان لە رادەی نێونەتەوەییدا، لە بەرژەوەندی خەباتی ئازادیخوازیی گەلان و بە دژی سیستەمە دیکتاتۆرەکان ، دەچنە پێش و لەئێمەیان دەوێ بە قازانجی گەل و وڵاتی خۆمان و ئامانجە پیرۆزەکانمان کەلکیان لێ وەربگرین.

